

# دۆزینەوەی نهێنییەکانی سەرسپیبوون

و/ سایە فارس

یەکێك لە دۆزینەوە زانستییە نوێکان، باس لە هۆکارەکانی سەرسپیبوون دەکەن، بەلاً ئایا قورئانی پیرۆز باسی لەم ڕاستییە زانستییە کردووە؟

لە بەرواری ( ٢٠٠٩/٢/٢٣) دەزگا پسپۆڕیی و گشتییەکان، هەواڵی دۆزینەوەیەکی چەند تیمێکی زانا ئەڵمانیو بەریتانیانییەکانی بواری فیزیایی زیندەییان بڵاوکردەوە، کە ئەو زانایانە گەشتنە ئەو ڕاستییەی زۆربوونی بەرهەمهێنانی شلەی بیروکسیدی هایدرۆجین، یەکێکە لە هۆکارە دیارەکانی سەرسپیبوون لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا. هۆکارەکانی دیکەش پەیوەستن بە هۆکاری دەروونیی و بۆماوەییەوە، ئەوەی سەرسوڕهێنە قورئانی پیرۆز لە سێ ئایەتتدا باسی لە بابەتی سەرسپیبوون کردووە، یەکەمیان ئاماژە بۆ ڕوودانی کارلێکی کیمیایی دەکات، کە دەبنە هۆی سەرسپیبوون، دووەم باس لە هۆکاری دەروونیی دەکات، وەك ترسێکی زۆر، سێهەمیش باس لە هۆکاری بۆماوەیی و بەرەو پێشچوونی تەمەن دەکات. ئەمەش بەتەواوی وەك ئەوە وایە، کە زانایان لە نوێترین دۆزینەوەی نهێنییەکانی سەرسپیبووندا پێی گەشتوون.

ماددەی پروکسیدی هایدرۆجین (H2O2)، کە شلەیەکی ڕوونە لە ئاو قورسترەو کاردەکاتە سەرپێست و دەیسوتێنێت، ئەم شلەیە ئەگەر گەرمیی(لە سنووری سەد پلەی سەدیی) بەرکەوت ئەوا بەتاو دەسووتێت. ئەم شلەیە قابیلی گڕگرتن و تەقینەوەیەو بە بەرەوپێشچوونی تەمەن زیاددەکاتو بەوشێوەیەش کارلێکی کیمیایی ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سەرسپیبوون، چونکە لەش ناتوانێت ئەو بڕە زۆرو گەورانە بۆ پێکهاتووە بنەڕەتییەکانیان هەڵوەشێنێتەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا پیرۆکسیدی هایدرۆجینەکە هەڵدەسێت بە ئۆکساندنی بەشێك لە مادەی تیروسیناز ئەویش هەڵناسێت بە بەرهەمهێنانی بۆیەی میلانینی مووەکان،جێی ئاماژەیە ماددەی میلانین سەرچاوەی پێکهێنانی ڕەنگی قژ و چاوو پێستە.

بەم جۆرە زیادبوونی ماددەی پرۆکسیدی هایدرۆجین لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەندا دەبێتە هۆی سەرسپیبوون، واتە ئەم ئۆکساندنە دەبێتە هۆکاری ڕاستەوخۆ بۆ سپیبوونی موو، وەك زانراوە ئۆکساندنو سوتان یان گڕگرتن هەمان ناوە بۆ ئەو کردارە.

پاكوبێگەردی بۆ ئەو خوایەی ئەم ڕاستییە زانستییەی پێش ١٤٠٠ ساڵ بۆ باسکردوین، خوای گەورە لەسەر زمانی زەکەریا لە سورەتی (مریم) دا، دەفەرموێت: ﴿كهيعص(١) ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا(٢) إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا(٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا(٤)﴾ (سورة مريم، الايات ١-٤).

سەرنج بدە چۆن خوای گەورە باس لەوە دەکات، کە سەر بە سوتاندن سپیدەبێت(وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا)، نافەرموێت بە سوتاندنی مووەکان سپی دەبن! ئێمەی مرۆڤ بە ڕووکەش وا دەبینین، کە گۆڕانی ڕەنگەکە لە قژەکاندایە، بەڵام لە ڕاستیدا سوتان یان ئۆکساندنەکە لەناو لەشدایە، ئەوەش بوو، کە دەیان زانا بە نوێترین ئامێرو بۆ ماوەیەکی درێژ لە لێکۆڵینەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامە.

هەموو کەسێکی خاوەن ژیریو ویژدانی زیندوو جگە لە بە ڕاست زانینو دانپیانان بە گەورەییو دەسەڵاتی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی شتێکی دیکە ناڵێت.




یەکێکی تر لە موعجیزەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوەیە، کە پەیوەندیی بە لاواز بوونی ئێسکەکان لەگەڵ بەرەو پێشچوونی تەمەنەوە هەیە، لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوەدەکەنەوە، کە ئێسکەکان زۆر کاریگەرییان لەسەر دەبێت لەگەڵ زیادبوونی تەمەن، لێکۆڵەرانی ئەو بوارە دەڵێن، لەگەڵ پیربووندا چڕیی ئێسکەکان بەرەو کەمیی دەچێت، پاش ئەوە مرۆڤی بە تەمەن تووشی نەخۆشیی پووچبوونی ئێسکەکان(Osteoporosis) دەبێت، کە دەبێتە هۆی لاوازبوونیان، قورئانی پیرۆز بە (وَهَنَ الْعَظْمُ) ئاماژەی پێکردووە، ئەوە دەربڕینێکی زۆر وردەو پڕاوپڕی مانا زانستییەکەیە، چونکە ئێسکەکان زۆر لاواز دەبن بە جۆرێك لەژێر هەر پەستانێکدا دووچاری شکاندن دەبنەوە.

لێکۆڵەرەوان ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر کەسێك پارێزگاری لە وەرزش بە بەردەوامی بکات، ئەگەری تووشبوونی بەم حاڵەتە کەمدەکاتەوە، هەربۆیە خوای گەورە فەرمانی پاراستنی نوێژەکانمان پێدەکات، چونکە نوێژ وەرزشێکی دووبارەیە، کە هەموو ئەندامەکانی لەش بەشداری تێدا دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی چالاکی ماسولکەکانو پارێزگاری لە پتەویی ئێسکەکان لەگەڵ زیادبوونی تەمەنیشدا.

هۆکارێکی تری پووچبوونی ئێسکەکان دابەزینی هۆرمۆنەکانی ڕەگەزە لەگەڵ پیربووندا... پەیوەندییەکی سەیر لە نێوان لاوازبوونی ئێسكو

سپیبوونی قژدا هەیە، ئەویش ئەو لاوازییەی تووشی ئێسکەکان دەبێت بە بەرەو پێشچوونی تەمەن کاردەکەنە سەر ئەو خانانەی، کە بەرپرسن لە ڕەنگکردنی قژ. قورئانی پیرۆزیش لە ئایەتێکدا هەردوو حاڵەتەکەی پێکەوە بەستووە ﴿وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا﴾ ئەمەش لەگەڵ لێکۆڵینەوە زانستییەکان، کە سپی بوونی قژو لاواز بوونی ئێسکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، دەگونجێت.



لە ئاماژەیەکی تری قورئاندا باس لە حاڵەتی دەروونیی و سپیبوونی مووی سەر دەکات: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَكَيْفَ تَتَّقُونَ إِنْ كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ الْوِلْدَانَ شِيبًا﴾ (المزمل: ١٧) واتە: (چۆن خۆتان دەپارێزن لە ڕۆژێك کە منداڵ پیر دەکات و سەری سپی دەبێت؟) هەموو دەزانین، کە ئەو ڕۆژە چەندە سامناکەو نازانین ئایا چارەنووسمان بۆ کوێمان دەبات؟ ئەمەش بێگومان حاڵەتی دەروونیمان ئاڵۆز دەکات، لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە پسپۆڕان پێی هەستاون پێمان ڕادەگەیەنێت، کە هۆکاری دەروونیی (ترس و تێکچوونی باری دەروونی دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی ئەنزیم و ڕژێنەکان و سیستەمی کاری خانەکان) کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر خێرا دەرکەوتنی سپی بوونی قژ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەو ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەکەین، کە ئەویش موعجیزەو ڕاستییەکی دیکەی زانستییە دەربارەی هۆکارێکی دیکەی سەرسپیبوون، کە گۆڕانی ڕەنگی قژ بەبەرەوپێشچوونی تەمەن دەبەستێتەوە بە لاوازبوونی خانەکانی لەشەوە، دوای ئەوەی کە بەهێزو چالاکبوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْقَدِيرُ﴾ الروم: ٥٤.

ڕاستییە زانستییەکەش دەڵێت، بەرەوپێشچوونی تەمەن دەبێتە هۆی لاوازبوونی کردە زیندەییەکانی ناو خانەکان، بەوجۆرەش دەرکردنی ماددەی بۆیە کەمدەبێتەوە، قژ وردە وردە ڕەنگی بەرەو سپی دەچێت، چونکە ئیتر خانەکان توانای بەرهەمهێنانی بۆیەی پێویست بۆ ڕەنگکردنی قژیان نەماوە، ئەم ئایەتەش موعجیزەیەکی ترە لە موعجیزەکانی خوای گەورە، کە کە ئاماژەیە بۆ سووڕی ژیان و ئەوە دەخاتەڕوو، کە توانای جەستەی مرۆڤ جێگیر نییەو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەندا دەگۆڕێت ، ئەم ڕاستییەش زانایان تازەکی دۆزیویانەتەوە.

1- www.kaheel7.com
2- ttp://www.fasebj.org/cgi/content/abstract/fj.08-125435v1
3- http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-1157608/The-secret-hair-goes-grey--shampoo-reverse-effects.html

# ڕەنگەکانی ئاگر موعجیزەی پێغەمبەرن (د.خ)

ئامادەکردنی: جەمال موحەمەد ئەمین

لەو کاتەوەی مرۆڤ بەدیهێنراوە لەم گەردوونەداو ئاگری دۆزییەوەو ئاگر بووە هاوەڵی بەردەوامی بۆ بەجێهێنانی پێویستییەکانی ژیانی، هەر لەو کاتەوە ئەو ئاگرە بووەتە جێی سەرسوڕمان و بیرلێکردنەوە لە لایەن مرۆڤەوە و هەندێك جاریش بووەتە مایەی ترس و سڵەمینەوە لێی. بۆیە مرۆڤ لەو کاتانەدا هەروەك پیشەی خۆی پەنای بردووەتە بەر پەرستنی ئەو ئاگرە، تەنانەت ئەوانەی خۆریشیان پەرستووە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو پەرستنە ئەوە بووە، کە خۆریان بە سەرچاوەی ئاگر زانیوە. هەروەك ئەو کۆمەڵەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر سولەیماندا (سەلامی خوای لێبێت)ن خۆریان دەپەرست و ئەو هەواڵەش بە هۆی پەپوسولەیمانەوە گەیشتەوە بە پێغەمبەر سولەیمان. ئەم چیرۆکەش لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (النمل)ئایەتی (٢٣-٢٦)دا ئاماژەی بۆکراوە.

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین ڕووی زانستییەوە ڕۆشنایەك بخەینە سەر ئاگر ،کە پشتگیرییەکی بەهێز دەبێت بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر موحەممەد (صلی الله علیه وسلم)، کە سەبارەت بە ئاگر. لە دووایدا ئاماژەی بۆ دەکەین.

لەسەرتادا پێویستە باس لە( تیشکدانەوەی تەنی ڕەش- Black body radiation) بکەین، کەوا زانراوە ئەو دیاردەیە لە لایەن زانا خۆرئاواییەکانەوە دۆزراوەتەوە، بەڵام موحەممەد(صلی الله علیه وسلم)، ١٤ سەدە پێش ئێستا باسیکردووە.

زاناکانی ئەمڕۆ جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕەنگی ئەو ڕووناکییەی تەنێکی گڕگرتوو یان سوتاو دەیدات پەیوەستە بە پلەی گەرمی ئەو تەنەوەو هەتا هەندێکیان ئەو پەیوەندییە بە پلەی گەرمی ڕەنگەکان ناودەبەن. کاتێك پلەی گەرمی تەنێکی گڕگرتوو بەرز دەبێتەوە، ئەوا ڕەنگی ئاگرەکەی لە ڕەنگی سوری بینراوەوە دەگۆڕێت بەرەو شین و بنەوشەیی، پاشان سەروو بنەوشەیی، کە نابینرێت و ئینجا ڕەنگە نەبینراوەکانی تر، واتە ڕەش. چونکە لە زنجیرەی شەبەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکاندا چاوی مرۆڤ تەنها بەشێکی زۆر کەمی دەبینێت کە بە ڕووناکی سپی یان بە شەبەنگی خۆر



گەرمی ئەو ڕووناکیە، ئەمەش دەقی قسەی ئەو زانایانەیە، کە دەڵێن:

As you can see, if you heat a blackbody to 1900K, it glows orange. As the temperature increases, the color of the radiated light moves to yellow, then white, and finally to blue.

واتە: وەك تۆ دەبینیت ئەگەر تەنێکی ڕەش گەرمبکەیت بۆ ١٩٠٠ پلەی پەتی، ئەوا ئەو تەنە بە ڕەنگی پرتەقاڵی دەدرەوشێتەوە، ئەگەر پلەی گەرمی بەرزبووەوە ئەوا ڕەنگی دەگۆڕێت بۆ زەردو ئینجا سپی و پاشان شین. هەروەها زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەگەر تەنێك گەرمکرا بۆ پلەیەکی گەرمی زۆر بەرزی ناکۆتا ئەوا درێژی شەپۆلەکەی دەبێتە سفر، واتە هیچ ڕووناکییەکی نابێت واتە ئەو تەنە ڕەشە دەردەکەوێت بەڵام بێگومان ئەوە تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە، چونکە بە کرداری ناتوانرێت پلەی گەرمی تا ناکۆتا بەرز بکرێتەوە لەم دونیایەداو هیچ تەنێك بەرگەی ئەو پلە گەرمییە زۆر بەرزە ناگرێت.

درێژی شەپۆلی ڕووناکی بینراو لە نێوان (٧٨٠-٣٨٠) نانۆمەترە واتە تێکڕایی درێژی شەپۆلی ڕەنگی سوور ٧٨٠ نانۆمەترە و تێکڕایی درێژی شەپۆلی بنەوشەیی ٣٨٠ نانۆمەترە (١ نانۆ = ١٠ ‾٩ م )، واتە ئەگەر ئەستێرەیەك پلەی گەرمییەکی لە سنوری ٤٠٠٠ پلەی پەتیدا بێت، ئەوا بە ڕەنگی سور دەدرەوشێتەوە، بەڵام ئەو ئەستێرانەی کە پلەی گەرمییان لە سنووری ١٠٠٠٠ پلەی پەتیدایە، ئەوا بە ڕەنگی سپی دەردەکەون. ئەو ئەستێرانەی پلەی گەرمییان لە سەروو ١٠٠٠٠ پلەی پەتیدان ئەوا بە ڕەنگی شینی تۆخ دەردەکەون واتە (سور- سپی - شین) بەڵام بۆچی شین؟




لە ڕاستیدا ڕەنگی سپی پێکدێت لەو حەوت ڕەنگەی پێشوو، کە بە شەبەنگی خۆر دەناسرێن، بەڵام بە پێی ئەوەی زاناکان پێی گەیشتون و تێی گەیشتون هەریەکە لەو ڕەنگانە پلەی گەرمی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە پلەی گەرمی ڕەنگی سور ١٦٠٠ پلەی پەتییەو ڕەنگی سپی زەردباو ٦٠٠٠ پلەی پەتیەو ڕەنگی شین ١٠٠٠٠ پلەی پەتیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ڕەنگی سوور لە ڕەنگی شین ساردترە، زاناکان لەم دووایيانەدا گەیشتوون بەو ڕاستییە!

دەناسرێت و بریتین لە حەوت ڕەنگ کە ئەمانەن بە ڕیز لە درێژی شەپۆلی زۆرەوە بۆ درێژی شەپۆلی کەم (سور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، شین، نیلی، بنەوشەیی)، ئیتر هەر ڕووناکییەك یان ڕەنگێك درێژی شەپۆلەکەی زیاتر بێت لە درێژی شەپۆلی ڕەنگی سور ئەوە بە شەپۆلەکانی خوار سور دەناسرێت و مرۆڤ نایانبینێت، هەر ڕەنگێك یان ڕووناکییەك درێژی شەپۆلی لە درێژی شەپۆلی ڕەنگی بنەوشەیی کەمتر بوو دیسان چاوی مرۆڤ نایانبینێت.




کاتێك تەنێك دەست بە گەرمبوون دەکات ئەوا پلەی گەرمییەکەی وردە وردە بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەیەشدا ڕەنگی ئەو تەنە دەگۆڕێت لە سورەوە

بۆ پرتەقاڵی و زەردو سەوز تا لە دوایدا دەبێتە سپی و ئینجا ڕەنگەکانی تر کە چاوی مرۆڤ نایانبینێت. زاناکان دەڵێن: ڕەنگی ڕەش دوا ڕەنگی بینراوە لە لایەن چاوی مرۆڤەوە، کە لە ڕاستیدا هیچ ڕەنگێك ناگەیەنێت، بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، چاوی مرۆڤ ئەو گۆڕانگارییانە بەو وردییە نابینێت، بەڵکو ئەوەی چاو دەیبینێت ڕەنگی سوورەو دووایی سپی بوونەوەی ئەو تەنە گەرمکراوەیە.

لە ڕووی زانستییەوە زاناکان یاسای فیزیایی زۆر گرنگیان داناوە دەربارەی تیشکدانی تەنەکان بە تایبەتی تیشکدانی تەنی ڕەش بە پێی ئەو یاسایە لەرەلەری ڕووناکی واتە وزەکەی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ پلەی گەرمیەکەیدا، واتە ئێمە دەتوانین ڕەنگی شەبەنگی هەر ڕووناکیەك بمانەوێت دیاری بکەین بە زانینی پلەی

بەڵام ئەگەر ئەو تەنە لەوەش زیاتر گەرمکرا ئەوا ڕەنگی دەبێتە سپی، کە کۆکراوەی هەموو ڕەنگەکانە، واتە ئەو تەنەی تا پلەی سپی بوونەوە گەرمکرا ئەوا لە هەموو پلەکانی پێشوو گەرمتر دەبێت. بەڵام سەبارەت بە ڕەنگی ڕەش، زۆربەمان کونی ڕەشی بیستووە، کە دوا قۆناغی تەمەنی ئەستێرەکانە، کاتێك ئەستێرەیەك دەگاتە قۆناغی کونی ڕەش ئەوە هێزی کێشکردن‌و چڕی ماددەکەی دەگاتە ئەوپەڕی‌و ناشبینرێت، بۆیە ئەوە دواقۆناغی گۆڕانی ڕەنگەکانە لە تەمەنی ئەستێرەکاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ڕەنگی ڕەش دوا ڕەنگی گەرمکردنە کە زاناکان ئەو قۆناغە نەبینراوە ناوزەد دەکەن بە ڕەنگی ڕەش.

واتە ئێمەواین لە بەردەم سێ ڕەنگی سەرەکیداین، کە ئەوانیش سور، سپی‌و ڕەشن کە نەبینراوە کە لە نێوان ئەو ڕەنگانەشدا ڕەنگەکانی تری شەبەنگی خۆر هەن، کە لە سورەوە دەست پێدەکات‌و دەگاتە بنەوشەیی‌و پاشان نابینرێن کە ئەوەش ڕەش بوونە، چونکە چاوی مرۆڤ سەروبنەوشەیی‌و خوار سوریش نابینێت.




**فەرموودەی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (صلی الله علیه وسلم):**

لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییە زانستییانەی پێشوو، کە لەم دووایییانەدا زانست پێی گەیشتووە، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر (**صلی الله علیه وسلم**)بکەین، دەربارەی ئاگر لە سەردەمێکدا،کە ئاگر لای زۆربەی بێ بڕواو هاوبەش دانەران پەرستراوە. لەبارەی ئاگرەوە پێغەمبەری ئیسلام (**صلی الله علیه وسلم**) فەرموویەتی:

(أوقد على النار ألف سنة حتى احمرّت، ثم أوقد عليها ألف سنة حتى ابيضت، ثم أوقد عليها ألف سنة حتى اسودّت، فهي سوداء مظلمة). رواه الترمذي

واتە: (ئاگرێك کراوەتەوە (مەبەستی ئاگری دۆزەخە)، کە پلەی گەرمی ماوەی ١٠٠٠ ساڵ لە بەرزبوونەوەدا بووە تا ڕەنگی سور بوو، ئینجا ١٠٠٠ ساڵی تر تینی درایە، تا ڕەنگی سپی بوو، پاشان ١٠٠٠ ساڵی تر تینی درایە، تا ڕەنگی ڕەش بوو، لەبەرئەوە ئاگرەکە ڕەش‌و تاریکە) ترمزی گێڕاویەتیەوە. ڕەنگی سپی کۆکراوەی هەموو ڕەنگەکانی شەبەنگی خۆرەو زاناکان بە ڕەنگێکی ناوەندییان داناوە لە نێوان سورو ڕەشداو بە هەمان شێوەش لە فەرموودەکەدا هاتووە، هەروەها لە فەرموودەکەدا بە ئاشکرا باس لە پەیوەندیی نێوان پلەی گەرمی‌و ڕەنگ دەکات بەو شێوەی، کە ئەمڕۆ زانست باسی دەکات، ڕەنگی سوور ساردترە لە ڕەنگی سپی‌و ئەویش ساردترە لە ڕەنگی ڕەش، ئەو ڕەنگەی دووایی گوزارشە لە ڕەنگی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکانی سەروبنەوشەیی، کە بە چاوی مرۆڤ نابینرێن، جگە لەوانە لە فەرموودەکەدا باس لە کات کراوە، واتە گۆڕینی ڕەنگەکان لە سورەوە بۆ سپی‌و دووایی بۆ ڕەش ئەوە بۆ خۆی کاتی دەوێت، ئەمەش واتای بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی ئاگرەکەیە، کە پێویستی بە کاتێك دەبێت‌و زانستیش بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات. هەرچەندە ئەو کاتە بۆ ئاگری دونیا زۆر کەمە، بەڵام با ئەوەمان لە بیر نەچێت، ئەو ئاگرەی فەرموودەکە باسی دەکات ئاگری ڕۆژی دواییەو زۆر جیاوازە لەم ئاگرەی ئێمەی مرۆڤ دەیزانین.

لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر(**صلی الله علیه وسلم**)، باس لەو ڕاستییەش دەکات‌و دەفەرموێت:

(نار بني آدم التي توقدون جزء من سبعين جزءاً من نار جهنم، قالوا: يا رسول الله إن كانت لكافية ؟ فقال: إنها فضلت عليها بتسعة وستين جزءاً). رواه البخاري

واتە: ئاگری دونیا ئەوەی‌ن کە ئێمەی ئادەمیزاد بەکاری دێنین بە شێکە لە ٧٠ بەشی ئاگری دۆزەخ. واتە ئاگری دۆزەخ ٦٩ بەشی ٧٠ بەشەکەیەو ئاگری دونیاش یەك بەشی ئەو ئاگرەیە، بە مانایەکی دی ئاگری دۆزەخ ٧٠ هێندی ئاگری دونیایە!

خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی زیاتر گەورەیی ئاگری ڕۆژی دواییت بۆ دەربکەوێت/ سەرنج بدە لەو ماوەیەی فەرموودەکە باسی دەکات ١٠٠٠ ساڵ بە هەژماری خوایی، کە هەر یەك ڕۆژی ئەو ساڵە دەکاتە هەزار ساڵی ئێمە!! وەك قورئان دەفەرموێت :

﴿وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالْعَذَابِ وَلَنْ يُخْلِفَ اللَّهُ وَعْدَهُ وَإِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ﴾ الحج: ٤٧

دەی ئێستا بیر بکەرەوە لە گەورەیی‌و تووڕەیی ئەو ئاگرە، ئەگەر بەراوورد کرا بە ئاگری دونیا،کە هەرگیز بەراورد ناکرێت، ئەوا ئاگری دونیا لە چاو ئەو ئاگرەدا لە سەهۆڵیش ساردتر دەبێت، بۆیە پێویستە هەر هەموومان بڵێین:

﴿وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا * إِنَّهَا سَاءَتْ مُسْتَقَرًّا وَمُقَامًا﴾ الفرقان: ٦٥-٦٦.

وەرگیراوە .www.kaheel7.comسوود لە سایتی



# شوێنەواری گەلە لەناوچووەکان

## ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ﴾

ئا: ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی

بەشی یەکەم

یەکێك لە گرنگترین بوارەکانی موعجیزەکانی قورئانی پیرۆز (ئیعجازی مێژوویی)ە، کە بوارێکی گرنگ‌و فراوانی موعجیزەکانی قورئانی پیرۆزە، هەروەك بوارەکانی دیکەی ئیعجازی زانستی‌و ڕەوانبێژی. کاتێك هەڵوێستەیەك لە بەردەم هەر کام لەو ئایەتە قورئانیانەدا دەکەین، کە باس لە سەرئەنجام یان شوێنەواری هەر گەلێك لە گەلانی پێشوومان بۆدەکات‌و وردەکارییەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی هەرکام لەوانمان بۆ وەسفدەکات، مرۆڤ سەرسام دەبێت, هەموو مرۆڤێکی ژیر دەگاتە ئەو ڕاستییەی، ئەم باس‌و وەسفانە ئاستەمە وتەی مرۆڤێکی وەك سەروەرمان محمد (صلی الله علیه وسلم) بێت, هەرگیز ناگونجێت ئەو زانیارییە زۆر وردانە زادی لێوردبونەوەی مرۆڤ بن، بە تایبەت ئەگەر بە ڕێبواری بەو شوێنانەدا تێپەڕ بێت. لە کاتێکدا مرۆڤ لەم سەردەمەدا لەڕێی تەکنەلۆجیای مانگە دەستکردەکان‌و پێشکەوتنی زانستی جوگرافیاوە لەڕاڤەی ئەو ئایەتە پیرۆزانە تێدەگات.

قورئانی پیرۆز لە سورەتی (الفجر)دا ئاماژە بە دیارترینی شوێنەوار لە شوێنەوارەکانی هەرسێ گەلانی پێشوو (عاد), (ثمود) و(فیرعەونەکان) دەکات‌و دەفەرموێت:﴿أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِعَادٍ (٦) إِرَمَ ذَاتِ الْعِمَادِ (٧) الَّتِي لَمْ يُخْلَقْ مِثْلُهَا فِي الْبِلَادِ (٨) وَثَمُودَ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ (٩) وَفِرْعَوْنَ ذِي الْأَوْتَادِ (١٠) ﴾ الفجر.

واتە: (ئایا نەتزانیووە پەروەردگاری تۆ چی کرد بە هۆزی عاد(٦) کە ئەویش هۆزی (ارم)و خاوەنی پایەی بەرزو کۆڵەکەو نیرگەی درێژ بوون (گەلی عاد لە شاری ئیرەم کە باڵا بەرزو تێکسمڕاو بوون, خانوبەرەو کۆشك‌و تەلاری گەورەو بەرزیان دروست دەکرد) (٧) لە سەردەمی ئەواندا لە هیچ شارو شوێنێکدا, کۆشك‌و تەلاری وەك ئەوەی ئەوان دروستنەکراوە(٨) ئایا نەتزانیوە گەلی (ثمود)یش خوا چی لێکردن, ئەوانەی لە دۆڵ‌و شیوەکانەوە بەردیان دەتاشی‌و دەیانگواستەوە بۆ ناو قەدی چیاکان‌و لەوێ خانوویان دروست دەکرد؟ (٩) هەروەها فیرعەونی خاوەن ئەهرامەکان (چ کۆشك‌و بینایەکی مەحکەمیان وەکو مێخ دادەکوتی بە زەویدا) (١٠)).

لە دیارترینی شوێنەوارەکانی (عاد) شاری (ئیرەم)ەو گەلی (ثمود)یش بە بنیادنانی کۆشك‌و تەلارەکانیان لە ناو بەردی شاخەکاندا بەناوبانگن، هەروەها (فیرعەونەکان)یش بەو شوێنەوارانە بەناوبانگن، کە لە وڵاتی مصر دیارن‌و هەن (هەرەمەکان).

لەم وتارەدا ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو باسە قورئانییە پێشکەشدەکەین، کە باس لە گەلی (ثمود) دەکات، کە هۆزی پێغەمبەر (صالح) -سەلامی خوای لەسەر بێت- بوون‌و ڕادەی وردەکاریی ئەو وەسفەمان بۆ دەردەخات سەبارەت بە پێگەی شارو شوێنەوارەکەیان, دیارە ئەمەش بە پشتبەستن بە وێنەکانی پرۆگرامی (Google Earth), ئەوەی لە وێنەکانی (Google Earth)دا دەرکەوتووە بواری بۆ گومان نەهێشتووەتەوەو بوونی مەدائنی صالح لە دۆڵێکی فراواندا، کە کۆمەڵێك بارستەی بەردینی

لە خۆگرتوەو لە کاتی خۆیدا ئەو گەلە هەستاون بە بڕینو داتاشینی ئەو پارچە بەردانە.

هەروەك لە وێنەکاندا ئەوسەرچاوە ئاوییە دەرکەوتووە، کە بووەتە هۆی گۆڕینی ئەو دۆڵە بۆ دۆڵێکی بە پیتو بەبەرهەم لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵیداو کۆکردنەوەی ئاو لەو دۆڵانەوە بەو شێوە سەیرانە، کە ئەمانیش سەرچاوەیان لە ئاوی چیاکانی دەوروبەرەوە گرتووەو سەرەنجام ئەم دۆڵە لمینەی پێ ئاواشتە دەبێتو لە گشت شوێنە جیاوازەکانی دۆڵەکە بە شێوازی کانیاو دەرەکەون، بەبێ ئەوەی بە هەدەر بڕواتە دەریاکەوەو بەفیڕۆ بڕوات.

لە زۆرێك لە سورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا باسی (ثمود) هاتووەو لە ئایەتەکاندا زۆرێك لە لایەنەکانی چیرۆکی ئەو هۆزەو پێغەمبەرەکەیان گەورەمان صالح (سەلامی خوای لەسەر بێت)مان بۆ باس دەکات، وەك ئەو ئامۆژگارییانەی ئامۆژگاری پێکردونو ئەو موعجیزانەی پێشانی داونو جۆری ئەو سزایانەی تووشی ئەو هۆزە هاتوون.

هۆزی (ثمود) لە قورئانی پیرۆزدا بە ناوێکی تریش دەرکەوتوون کە (أَصْحَابُ الحِجْرِ)ە وەك لە (الموسوعة الاسلامية) بەرگی (٥) لاپەڕە (٤٧٥)دا هاتووە جوگرافی ناسی ئیغریقی بلینی پێی وایە (دوماسا)و (هجرا) شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزی (ثمود)ە، کە بە واتای (حجر) دێت, هەروەها لە دێرینترینی ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بە (ثمود) دەکات، تۆماری سەرکەوتنە مێژووییەکەی پادشای بەناوبانگی بابلی (سەرجۆنی دووەم)ە، کە لە یەکێك لە هێرشەکانیدا بۆ باکوری دورگەی عەرەبی بەسەر ئەم هۆزەدا سەرکەوتووە, هەروەك ئیغریقییەکان لە کتێبەکانی ئەرەستۆو بتولمیو بلینی بە (تامودي) واتە: (ثمود) ناویاندەبەنو خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ﴾ الحجر (٨٠). واتە: (سوێند بە خوا دانیشتوانی (حجر) یش بڕوایان بە بەرنامەی پێغەمبەران نەکرد (حجر: شوێنێکە لە نێوان تەبوكو مەدینەدا, قەومی ثمود, تیایدا ژیاونی).

ئەوەی، کە لە ئاماژە قورئانییەکانەوە تێیدەگەینو سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژەی پێدەکەن ئەوەیە، کە هەرچەندە هۆزی (عاد) دەکەونە باشوری دورگەی عەرەبیەوەو هۆزی (ثمود) یش دەکەونە باکوری دورگەی عەرەبیەوە واتە: لە ڕوی جوگرافییەوە دوورییەکی زۆر هەیە لە نێوانیاندا, بەڵام سەرچاوەکان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی مێژویی لە نێوان ئەم دوو هۆزەدا گرێدەدەنو پێیان وایە هەردوو هۆز لە یەك بنەچەن هەر وەك (دائرة المعارف البريطانية الصغيرة) پێی وایە کە لە بنەڕەتدا هۆزی (ثمود) لە باشوری دورگەی عەرەبیدا بوونو ژمارەیەکی زۆریان کۆچیان کردووە بۆ باکوری دورگەی عەرەبیو لە قەدپاڵەکانی چیای (أثلب) گیرساونەتەوە. هۆزی (ثمود) کە دەکەونە نێوان شامو حیجازەوە بە (أَصْحَابُ الحِجْرِ) ناسراون, شوێنەوارو نوسراوی بەردینی زۆر گەورە نەك هەر لە چیای (أثلب) بگرە لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبیشدا دۆزراونەتەوە. بگرە دەستخەتو شێوە ڕێنوسی (ثمود)ی لە باشوری دورگەی عەرەبیش لە نێوان حیجازو یەمەن، کە بە (حەزرەمەوت) ناسراوە دۆزراونەتەوە.




گەر ڕیزبەندییەکی مێژویی لە ڕوانگەی قورئانەوە بۆ هۆزەکان بکەین، دەتوانین بڵێین هۆزی (عاد) لە پێش (ثمود) دەرکەوتوونو (ثمود)یش لە پێش هۆزی (لوط)و هۆزی (شعیب)ەوە بووە، بەم جۆرە کەمترین خەمڵاندن بۆ ماوەی دەرکەوتنیان زیاد لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەرە لە کاتێکدا (لوط) برازای (ئیبراهیم) پێغەمبەر بووە –سەلامی خوایان لەسەربێت– کە پێش چوار هەزار ساڵ ژیاونو ڕیزبەندی ئەم هۆزانە بەمجۆرە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿ يَا قَوْمِ لَا يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَنْ يُصِيبَكُمْ مِثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِنْكُمْ بِبَعِيدٍ ﴾ (٨٩) هود.

واتە: (ئەی گەلو خزمانم ناکۆکیو دژایەتیتان لەگەڵ مندا, واتان لێنەکات (ئەو ئاینو بیرو باوەڕەی هێناومە لە لایەن خواوە بە درۆی بزانن و...) جا ئەو کاتە ئەوەی تووشی هۆزی نوحو هودو صالح بوو تووشی ئێوەش ببێت, خۆ هۆزی لوط لێتانەوە زۆر دوورنیە).




هەر وەك لە وێنەکەی (Google Earth)دا دەرکەوتووە مەدائنی صالح بە تەواوی دەکەوێتە سەر هێڵی نێوان شاری مەدینەی پیرۆزو شاری تەبوك, کە لە

مەدینەی پیرۆزەوە نزیکەی سێ سەد کیلۆمەترو لە شاری تەبوکیشەوە دووسەد کیلۆمەترو سەدو پەنجا کیلۆمەتر بە لای رۆژهەڵاتدا لە شاری (الوجە)ەوە دوورە، کە دەکەوێتە سەر دەریای سور، جارێك پێغەمبەرمان محمد (صلى الله عليه وسلم)و یارانی لە گەڕانەوەیاندا لە جەنگی تەبوك پێیدا تێپەڕبوون.

هەروەك قورئانی پیرۆز باسیکردووە مەدائنی صالح دەکەوێتە دۆڵێکی فراوانەوە لە باکورەوە بۆ باشور درێژ دەبێتەوەو ئەوپەڕی پانییەکەی دەگاتە پازدە کیلۆ مەترو هەتا بەرەو باشور بێت ڕوو لە تەسکی دەکات تا پانییەکەی لە شاری (العلا)دا دەگاتە یەك کیلۆمەتر, شاری (العلا) دەکەوێتە باشوری مەدائنەوە لە دووری بیست کیلۆمەترەوە. ئەم دۆڵە لە گشت لایەکەوە بە کۆمەڵێك زنجیرە شاخی بەرز دەورەدراوە, بەرزی زنجیرە شاخی رۆژئاوای باکوری دۆڵەکە دەگاتە هەزارو پێنج سەد مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە لە کاتێکدا بەرزی زنجیرە شاخی باشوری ڕۆژهەڵات دەگاتە هەزار مەتر, بەڵام بەرزی ئاستی زەوی دۆڵەکە دەگاتە هەشت سەد مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە. ئەو کەسەی کە لە مەدائنی صالحدا دەوەستێت ناتوانێت ئەم دەشتە فراوانە بە دۆڵ ناو ببات بە هۆی پانو بەرینییەوە, بەڵام کاتێك لە بەرزییەکی پێویستەوە لە ئاسمانەوە تەماشای ناوچەکە دەکرێت دەردەکەوێت، کە ئەمە دۆڵە نەك دەشت، هەروەك لە وێنەی (Google Earth)ە کەدا دەردەکەوێت کە لە بەرزی سی کیلۆمەترەوە گیراوە.




لە وێنەی (Google Earth)ەکەدا سنوری دۆڵەکە لە ڕووی رۆژهەڵاتەوە بە روونی دەرکەوتووە, بەڵام لە ڕووی رۆژئاواوە شوێنەواری سنورەکەی زۆر دیارو ئاشکرا نییە، چونکە پلە بەندییەك لە بەرزی زەوییەکەدا هەیە.

ئەو بارانەی لەسەر زنجیرە شاخەکانی چوار دەوری مەدائنی صالح دەبارێت دێتەوە دۆڵەکەو لەژێر لمی ئەم دۆڵە گەورەیەدا کۆ دەبێتەوەو بە شێوەی کانیاو لە شوێنە جیا جیاکانەوە دەردەکەونەوەو هۆزی صالح لە کاتی خۆیدا بۆ کشتوکاڵو چاندنی بابەتی کشتوکاڵی جۆراوجۆر بەکاریان هێناوە بە تایبەت دار خورما.

ئێستاشی لەسەر بێت ئەو دۆڵە دۆڵێکی بەپیتو بەبەرهەمە، خەڵکی ناوچەکە ئەو ئاوە زۆرەی کە هەیانە لە بەرهەمهێنانی بەروبوومی جیاوازدا لێی سودمەند دەبن، وەك خوای گەورە لە وەسفی ئەو دۆڵەدا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَتْ ثَمُودُ
الْمُرْسَلِينَ (١٤١) إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلَا تَتَّقُونَ (١٤٢) إِنِّي لَكُمْ
رَسُولٌ أَمِينٌ (١٤٣) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٤٤) وَمَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ
أَجْرٍ إِنْ أَجْرِيَ إِلَّا عَلَى رَبِّ الْعَالَمِينَ (١٤٥) أَتُتْرَكُونَ فِيمَا هَا هُنَا آمِنِينَ
(١٤٦) فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٤٧) وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ (١٤٨)
وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ (١٤٩) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٥٠)
وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ (١٥١) الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا
يُصْلِحُونَ (١٥٢) قَالُوا إِنَّمَا أَنْتَ مِنَ الْمُسَحَّرِينَ (١٥٣) مَا أَنْتَ إِلَّا بَشَرٌ
مِثْلُنَا فَأْتِ بِآيَةٍ إِنْ كُنْتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (١٥٤) قَالَ هَذِهِ نَاقَةٌ لَهَا شِرْبٌ
وَلَكُمْ شِرْبُ يَوْمٍ مَعْلُومٍ (١٥٥) وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابُ يَوْمٍ
عَظِيمٍ (١٥٦) فَعَقَرُوهَا فَأَصْبَحُوا نَادِمِينَ (١٥٧) فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ إِنَّ
فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُؤْمِنِينَ (١٥٨) ﴾ الشعراء.

واتە: (گەلی (ثمود)یش بڕوایان بە پێغەمبەرانیان نەکرد (١٤١) کاتێك صالحی برایان پێی وتن: باشە, ئەوە ئێوە لە خواناترسن, پارێزکار نابن(١٤٢) بەڕاستی دڵنیابن کە من فرستادەیەکی ئەمینو دڵسۆزم بۆتان....(١٤٣) کەوابوو لە خوا بترسنو فەرمانبەرداری من بکەن...(١٤٤) من کە داوای هیچ جۆرە پاداشتێکتان لێناکەم لەسەری, من تەنها پاداشتی خۆم لە پەروەردگاری جیهانەکان دەخوازم(١٤٥) ئایا وادەزانن هەروا ئالێرەدا بە خۆشیو ئاسودەیی دەهێڵرێنەوە (ژیانتان کۆتایی نایەت)؟ (١٤٦) لە ناو باخو باخاتو کانیاوی سازگاردا؟!!(١٤٧) لە ناو بێستانو دارخورمادا کە خورمای نەرمو ناسكو بە تام دەگرێت؟!!(١٤٨) (هەروەها بۆتان دەلوێت) ماڵو شوێنی خۆش لە چیاکان دابتاشنو بە جوانی دروستی بکەنو بە خۆشی تیایدا کەشخە بکەن(١٤٩) لە خوا بترسنو فەرمانبەرداری من بکەن (١٥٠) بە فەرمانی موسریفو لە سنوور دەرچووەکان هەڵسوکەوت مەکەن....(١٥١) ئەوانەی کە تۆوی فەسادو تاوان لە زەویدا دەچێننو هەرگیز چاکسازی ناکەن (١٥٢) خوانەناسان وتیان: وادیارە تۆ بەڕاستی لەوانەی کە فێڵ و جادوت لێکراوە!! (١٥٣) تۆ جگە لەوەی کە هەر بەشەرێکی وەکو ئێمە, هیچی تر نیت, بەڵگەیەکمان نیشان بدە ئەگەر لە ڕاستگۆیانیت؟! (١٥٤) (جا خوای بە توانا حوشترێکی بۆ بەدیهێنان, تادەمکوتیان بکاتو بیانویان ببڕێت), ئینجا -صالح- پێغەمبەر پێی وتن: ئەمە وشترێکەو موعجیزەیەکە دەبێت ڕۆژێك ئاو تەنها بۆ ئەمبێت, ڕۆژێکیش بۆ ئێوە, دیاری کراوبێت(١٥٥)).



لە وێنەی (Google Earth)ەکەدا سنوری دۆڵەکە لە رووی رۆژهەڵاتەوە بە ڕوونی دەرکەوتووە, بەڵام لە رووی رۆژئاواوە شوێنەواری سنوورەکەی زۆر دیارو ئاشکرا نییە، چونکە پلە بەندییەك لە بەرزی زەوییەکەدا هەیە.



لەم وێنەیەدا شاری (العلا)و مێرگوزارەکانی دەوروبەری دەرکەوتوون، کە دەکەوێتە لای خواروی دۆڵەکەوە لە ئێستادا بەو ئاوە ئاواشتە دەبێت کە لە شاخەکانەوە دێتە ژێر لمی دۆڵەکەوە ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی ئەم دۆڵە پێش زیاد لە چوار هەرزار ساڵ لەمەوبەر هەمووی سەراپا مێرگێکی گەورەی سەوز بوو، کە پڕ لە کۆشكو تەلاربووە لە دەشتەکانداو بینای تاشراویش لە بەردەکاندا.

ئەم دۆڵە درێژ دەبێتەوەو دەشتەکەیشی بەردی گەورە گەورەی زۆری لە خۆ گرتووە، کە لە هەموو شوێنەکانیدا بڵاوبووەتەوە, هەندێك جار بەرزیی بەردەکان لە ڕووی زەوی دۆڵەکەوە دەیان مەتر دەبێت, لە سەردەمی خۆیاندا ئەو گەلە هەستاون بە هەڵکۆڵینی ئەو بەردانە، کە وەك بیناو کۆشکی نیشتەجێبوون سودیان لێ بینیوە، بەڵام داتاشینەکەی لەوپەڕی وردەکاریو لوتکەی جوانیدا بووە، هەر وەك خوای باڵادەست دەفەرموێت: ﴿وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٧٣) وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِنْ سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ (٧٤) قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُرْسَلٌ مِنْ رَبِّهِ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ (٧٥) قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا بِالَّذِي آمَنْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ (٧٦) فَعَقَرُوا النَّاقَةَ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ (٧٧) فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٧٨) فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِنْ لَا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ (٧٩)﴾ الأعراف.

واتە: (بۆ سەر گەلی (ثمود)یش (صالّح)ی برایانمان نارد (ئەویش پێی وتن): ئەی گەلەکەم خوا بپەرستن، چونکە جگە لەو خوایەکی ترتان نییە, ئەوەتا بە ڕاستی موعجیزەی ئاشکراتان لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە, ئەمە وشترێکە لە لایەن خواوە بە تایبەت بۆ ئێوەی بەدیهێناوە (لە سەر داخوازی خۆتان) کە موعجیزەیەکی ئاشکرایە, وازی لێ بهێنن با بلەوەڕێت لە زەوی خواداو دەست درێژی مەکەنە سەرو ئازاری مەدەن، (چونکە هەر ئازارتاندا) سزاو بەڵایەکی بە ئێشو ئازار داوێن گیرتان دەبێت.(٧٣) یادی ئەو کاتەش بکەنەوە کە خوا ئێوەی کردە جێنشین لە دوای گەلی عاد, ژیانی لە سەر زەویدا بۆ ئاسانکردن, لە دەشتەکاندا کۆشكو تەلار دروست دەکەن, لە شاخو کێوەکانیشدا خانوو دادەتاشن, کەواتە یادی نازو نیعمەتەکانی خوا بکەنو تۆوی خراپەو فەسادو گوناه لە سەر زەویدا مەچێنن.(٧٤) (دوای ئەو یادخستنەوانەی صالّح پێغەمبەر) دەستەی دەستەڵاتداران, ئەوانەی لووت بەرزییان کرد لە گەلەکەی وتیان بەوانەی کە چەوسێنراونەتەوە, لە وانەیان کە باوەڕیان هێناوە: باشە ئێوە دەزانن کە صالّح لە لایەن پەروەردگارییەوە ڕەوانە کراوە؟! ئیمانداران وتیان: بە دڵنیاییەوە ئێمە باوەڕدارین بە و پەیامەی کە بەودا ڕەوانە کراوە.(٧٥) (بەڵام) ئەوانەی کە خۆیان بەزلو گەورە دەزانی وتیان: بەڕاستی ئێمە بێ باوەڕین بەوەی ئێوە بڕواتان پێ هێناوە!(٧٦) یەکسەر (چوون) وشترەکەیان سەربڕی و لە فەرمانی پەروەردگاریان یاخی بوونو وتیان: ئەی صالّح ئەگەر تۆ لە پێغەمبەرانیت ئادەی ئەو هەڕەشانەی کە لێمان دەکەیت بۆمان پێش بهێنە (٧٧) ئینجا یەکسەر (دوای سەربڕینی وشترەکە) بوومەلەرزەیەكو دەنگێکی سامناك گرتنیو پێچانییەوەو دوابەدوای ئەوە هەموو لەماڵەکانیاندا بە چۆکدا هاتنو هێزی ئەژنۆیان شکاو تیا چوون(٧٨) (جا صالّح پێغەمبەر, پشتی لێهەڵکردن)و وتی: ئەی گەلو هۆزم سوێند بە خوا بەڕاستی پەیامی پەروەردگارم بە چاکی پێڕاگەیاندنو دڵسۆزیم لە گەڵ کردن, بەڵام (بە داخەوە) ئێوە دڵسۆزانتان خۆش ناوێت(٧٩)).

هەروەك لەم ئایەتانەی پێشەوە بە تایبەت ئایەتی ژمارە (٧٤) دەیبینینو لە ڕاڤەکەیەوە تێی دەگەین ئەوەیە کە هۆزی (ثمود) پەیوەستن بە هۆزی (عاد)ەوەو خوای گەورە بە جێنشینی مێژوویو ژیاری ئەوان ناوی بردونو پێغەمبەر صالح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەوە ئامۆژگاری هۆزەکەی دەکات کە پەند لە هۆزی (عاد) وەربگرن.

پێغەمبەری (عاد) هەواڵی هۆزی (نوح)ی بە هۆزەکەی ڕاگەیاندووە، کە پێش خۆیان هەبوونو چییان بەسەر هاتووە, هەروەها هۆزی (ثمود)و (عاد)یش پەیوەندییەکی مێژوویان پێکەوەهەبووە، هەروەك چۆن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی مێژوویی لە نێوان هۆزی (عاد)و (نوح)دا هەبووە, بە گشتی ئەو هۆزانە یەکترییان ناسیوەو ئەگەری ئەوەش هەیە لە یەك بنەچە بن.



ئەم وێنانەی کە لە (Google Earth)ەوە وەرگیراون چەند تاوێرەبەردێکی دەرخستووە کە بە دۆڵەکەدا بڵاوبوونەتەوە جا تاك تاك بن یان کۆمەڵ کۆمەڵ,

کتێبەکانی راڤەی قورئانی پیرۆز دەفەرموون خوای گەورە لە یەکێك لەم بەردانەوە وشترێکی گەورەی هێنایە دەرەوە, دیارە ئەمەش وەك موعجیزەیەك بۆ هۆزی (پمود)و جێگیر کردنی ڕاستگۆیی (صالح) (سەلامی خوای لەسەر بێت)، ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە لە پێکهاتەی ئەم بەردانەدا بەشێوەو شێوازێك دەردەکەون لە وشە گەلێك دەچن، کە بە ڕێنوسی عەرەبی نوسراربن، بە هۆی ئەوەوە کە بە گوررەی شێوە لاکێشەیی درێژی جیاواز پێکهاتوون. دەمەوێت ئەوە بە بیر خوێنەری ئازیز بهێنمەوە، کە پێویستە ئەم شێوەو وێنانە لە (Google Earth) بە سەرەو خواری تەماشابکات، واتە بە جۆرێك کە ئاڕاستەی باکورەکە بکەوێتە بەشی خوارەوە، هەروەك لە لای ڕاستی وێنەکەی سەرەوە دەرکەوتووە.



وێنەی هەندێك خانوو و گۆڕ دەرکەوتووە، کە لە لایەن هۆزی (پمود)ەوە لە بەرد داتاشراون و بەڵگەن لەسەر ئەو کارامەیی‌و هێزە زۆرەی خوای گەورە پێیداون، بەڵام ئەم خانە بەهێزانە توانای پاراستنیانی نەبوو لە تورەیی‌و سزای خوای گەورە، دوای ئەوەی باوەڕیان بە پێغەمبەرەکەیان کە پێغەمبەر (صالح) بوو نەدەهێنا. هەستان بە کوشتنی ئەو وشترەی خوای گەورە وەك موعجیزەیەکی گەورەو تەواو بۆی ناردن تا قایلیان بکات لە ڕاستی پێغەمبەرەکەیان.

خوای گەورە ڕاستی فەرموو: ﴿وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (٦٤) فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُوا فِي دَارِكُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (٦٥) فَلَمَّا جَاءَ أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (٦٦) وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُوا الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (٦٧) كَأَنْ لَمْ يَغْنَوْا فِيهَا أَلَا إِنَّ ثَمُودَ كَفَرُوا رَبَّهُمْ أَلَا بُعْدًا لِثَمُودَ (٦٨)﴾ هود.

واتە: (ئەی خزمەکانم ئەمە وشترەکەیە کە لەلایەن خواوەوە کراوە بە موعجیزەو نیشانەیەکی تایبەت، (لەسەر دەستەڵاتی خۆی‌و ڕاستی پێغەمبەرێتی من)و جا وازی لێبهێنن با لە زەوی خوادا بلەوەڕێت, بە نیازی خراپەوە دەستی بۆ نەبەن, ئەگینا سزایەکی نزیك دەتانگرێتەوە.(٦٤) یەکسەر چوون سەریانبڕی, جا (صالح)یش پێی وتن : رابوێرن لە ماڵ‌و مەنزڵی خۆتاندا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ, (دوای ئەو ماوە دیاریکراوە تیا دەچن)و ئەوەش پەیمانێکەو هەرگیز بە درۆ ناخرێتەوە.(٦٥) جا کاتێك فەرمانی ئێمە هات‌و بڕیاردرا لە کاتی دیاریکراوداو ئەوە صالح‌و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لە گەڵیدا ڕزگارمانکردن بە میهرەبانی‌و بەزەیی خۆمان, لە سەرشۆڕی ئەو ڕۆژەش پەنامانداین, بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی خاوەنی هێزەو باڵا دەستە. (٦٦) جا ئەو دەنگە سامناکەی بووە هۆی تیاچوونیان هەموو ئەوانەی گرت، کە تاوان‌و ستەمیان کردو فەرمانبەرداری پەروەردگاریان نەبوون, سەرەنجام هەموویان لە شوێنەکانی خۆیاندا کەوتن بەڕووی زەویداو تیا چوون لە بەرەبەیاندا...(٦٧) وەك ئەوەی کە هەر لەو شوێنەدا نەبووبن‌و تیایدا نەژیابن, ئاگادارین, بەڕاستی هۆزی پمود بێبڕوا بوون بە پەروەردگاریان‌و بێوەفا بوون بەرامبەری, ئاگادارین بڕیاری دووری لە بەزەیی خوا, درا بۆ هۆزی ثمودیش(٦٨) ).

ئێستاشی لە سەربێت ئەو خانەو کۆشکە چاکانە وازلێهێنراون‌و یەك کەسی تێدا ناژی، ڕاستگۆیی بۆ فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ بَطِرَتْ مَعِيشَتَهَا فَتِلْكَ مَسَاكِنُهُمْ لَمْ تُسْكَنْ مِنْ بَعْدِهِمْ إِلَّا قَلِيلًا وَكُنَّا نَحْنُ الْوَارِثِينَ (٥٨) وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى حَتَّى يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَى إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ (٥٩)﴾ القصص.

واتە: ( زۆر شارو شارۆچکەمان لە ناوبرد، کە دانیشتوانی یاخی‌و لە سنوور دەرچوو بوون لە ژیانی دنیایاندا, جا ئەوەتە خانووبەرەو شوێنەکانیان چۆڵە, مەگەر کەمێك نەبێت, هەر ئێمەش خاوەنی موڵك‌و خانووبەرەو سامانیان بووین(٥٨) پەروەردگاری تۆ هیچ وڵات‌و شارێکی کاول نەکردووە, تا لە پایتەختەکەیدا پێغەمبەرێکی نەناردبێت کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە سەردا بخوێنێتەوە, وەنەبێت ئێمە شارو وڵاتمان کاولکردبێت بە بێ هۆ, مەگەر کاتێك نەبێت کە دانیشتوانی ستەمکار بوون.

---

سەرچاوەکان:

١- قورئانی پیرۆز

٢- Google Earth.

٣- بۆ ڕاڤەی ئایەتەکان سود لە تەفسیری ئاسان وەرگیراوە.

٤- وتارێکی دکتۆر منصور أبو شریعه العبادی -جامعه العلوم و التکنلوجیا الاردنیه- کە لە پێگەی -موسوعه الاعجاز العلمی فی القران والسنه- www.quran-m.com وەرگیراوە.

٥- وتارێکی بانگخوازی ئیسلامی هارون یحیی- کە لە پێگەی - موسوعه الاعجاز العلمی فی القران و السنه- www.quran-m.com وەرگیراوە.



# لە نێوان دوو بەشدا

د.کاوە فەرەج سەعدون

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ﴾ (الطارق ٥-٧)، واتە: کەواتە با ئادەمیزاد تەماشا بکات و سەرنجبدات، کە لە چی دروستکراوە؟! دروستکراوە لە ئاوێکی هەڵقوڵاو و دەرپەڕیو (کە مەنی پیاو و هێلکۆکەی ئافرەتە، هەردووکیان هەڵدەقوڵێن بۆ پێکهێنانی ئادەمیزاد بە ویستی خوا)، لەنێوان بڕبڕەکانی پشت و ئێسکەکانی سینەدا دەردەچێت، (التَّرَائِبِ) لە زمانی عەرەبیدا بە شتێکی تەخت دەووترێت وەک زەوی تەخت، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: (ورَجلٌ تَرِبٌ: لازق بالتراب (ما تستوي حاله مع التراب))، کە مەبەست لێی لە ئایەتەکەدا ئێسکەکانی قەفەسەی سنگە (پەراسووەکان)، هەر لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: (الترائب عظام الصدر: ما بين الترقوه الى الپندوه)، دەربارەی (الصُّلب) لە زمانی عەرەبی‌دا بە مانای بڕبڕەی پشت دێت، لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: (الصُّلب: عَظْم من لدن الكاهل الى العجب)، لەبارەی واتای ئەم ئایەتە پیرۆزەوە (کە دەفەرمووێت: لە نێوان بڕبڕەی پشت و قەفەسی سنگ دەردەچێت) زانایانی راڤە دوو بۆچوونیان هەیە، هەندێکیان دەڵێن، کە ئەو شتەی لەم نێوانەوە دەردەچێت مەبەست لێی مرۆڤە بە گشتی، کە لە نێوان (الصلب والترائب)دا دروستدەبێت، هەندێکی تریان دەڵێن، کە مەبەستی ئەو ئاوەیە کە مرۆڤی لێوە دروستدەبێت، بەم پێیە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزەیەکی تر هەیە کە دەفەرمووێت: مرۆڤ لە بەشێك ئاوی دەرپەڕیووەوە دروستدەبێت کە ئەم ئاوە لە چەند ئەندامێکەوە دەردەچێت و ئەم ئەندامانە سەرەتا لە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکان (الصلب و الترائب)دا دروست دەبن.

وەك ئاماژەمان پێدا لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا (الصلب) بە مانای بڕبڕەی پشت(العمود الفقری) دێت، و (الترائب) واتە: ئێسکەکانی پێشەوەی سنگی مرۆڤ واتە پەراسووەکان.

کەواتە ئەوەی لە ئایەتە پیرۆزەکەوە تێدەگەین، وەك ئیعجازێکی نوێ و تەحەددایەك ئەوەیە، کە دەفەرمووێت کۆئەندامی زاووزێی پیاو و ئافرەت سەرەتا لە کۆرپەلەدا لە نێوان بڕبڕەی پشت و ئێسکەکانی سنگدا دروست دەبن لە پشتدا، زانستی ئەمڕۆ دۆزیویەتەوە، کە لە کۆرپەلەدا ئەو خانانەی هێلکەدانەکان لەئافرەتدا و گون لەپیاودا دروستدەکەن لەگەڵ ئەو خانانەی کە گورچیلەکان دروستدەکەن لە داهاتوودا سەرەتا لە ناوچەی چینی ناوەڕاست (Mesoderm)وە لە کۆرپەلەدا جیا دەبنەوە و دروستدەبن، کە دەکەونە نێوان چینی سەرەوە یان دەرەوە (Ectoderm) کە ئەمەیان بڕبڕەی پشت و دەمارە پەتك دروستدەکات لە داهاتوودا و چینی خوارەوە یان ناوەوە (Endoderm) کە لە داهاتوودا ئێسکەکانی قەفەسی سنگ (پەراسووەکان) دروستدەکات، ئەم چینە (چینی ناوەڕاست) تەنێکی لێوە دروس دەبێت، کە پێکهێنەری گورچیلەکان و گونەکان یان هێلکەدانەکان دەبێت و دەکەوێتە ئەملاولای بڕبڕەی پشتی سەرەتاییەوە، لەگەڵ بەرەو پێش چوونی دروستبوونی کۆرپەلەدا ئەندامەکانی زاووزێی مرۆڤ (هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا و گونەکان لەپیاودا) کە وەك وتمان سەرەتا لەگەڵ گورچیلەکانن لە نزیکی پشتی مرۆڤدا، و پاشان دێنەخوارەوە بۆ شوێنی ئاسایی خۆیان.

ئەوەی ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت ئەوەیە، کە هێلکەدانەکان و گونەکان و گورچیلەکانیش راستەوخۆ لە لایەن خوێنبەری گەورە یان شاخوێنبەرەوە (Aortic Artery) خوێنیان بۆ دەچێت لە شوێنێکی نێوان هەردوو گورچیلەکانەوە، هەروەها لەلایەن دەماری دەیەمی سنگ (کە لە دڕکە پەتکی پشتەوە لە نێوان بڕبڕەی دەیەم و یانزەیەمەوە دەردەچێت) لە مێشکەوە دەماریان بۆ دەچێت، کە هەموو ئەم دەمار و خوێنبەرانە لەناوچەی ناوەڕاست لەنێوان بڕبڕەی پشت و قەفەسی سنگدا شوێنی خۆیان وەردەگرن.



معجزة الماء الدافق والصلب والترائب

الخصيتان والمبايض تتكونان في الجنين في مكان الكليتين (زاوية التقاء الصلب مع الترائب) ثم تنزلان مع عروقهما إلى أسفل البطن



صورة توضح مسار الدماء الممتدة من أعلى زاوية التقاء الصلب (العمود الفقرى) والترائب (الضلوع) حتى تصل إلى مقر تكوين ماء الرجل (الخصيتين).

بالعلم تسطع الآيات

قال الطبرى: (اختلف أهل التأويل في معنى الترائب. فقال بعضهم:
الترائب: موضع القلادة من صدر المرأة. وقال آخرون: الترائب: ما بين المنكبين والصدر. وقال آخرون: هو اليدان والرجلان والعينان. وقال آخرون: يخرج من بين صلب الرجل ونحره. وقال آخرون: هي الأضلاع التي أسفل الصلب. وقال آخرون: هي عصارة القلب).
وما أن اخترعت المجاهر حتى بدت معجزة كبرى في كتاب الله تعالى: إن الماء الدافق سواء في الرجل أو في المرأة إنما يخرج متخلصاً بالإستعانة بالعروق المغذية للمبيض والخصية، النازلة معهما من (بين الصلب والترائب) مكان الكليتين) بالتدريج أثناء فترة الحمل حتى تستقر الخصيتان والمبايض في مكانهما الجديد أسفل البطن. وإنه العلم البليغ الذي لم يكن أحد يدري عنه شيئا قبل مائة عام عدداً، سلوهم: من الذي أعطاه محمدا صلى الله عليه وسلم في الزمن الأول.

يقول الله تعالى:

﴿لَّٰكِنِ اللَّهُ يَشْهَدُ بِمَا أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُ بِعِلْمِهِ وَالْمَلَائِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا﴾ [سورة النساء: ١٦٦]

وێنەی (1): وێنەیەکی توێکاری ئەو خوێنبەر و خوێنهێنەرەی کە خوێن دەبەن بۆ گونەکان، دەبینین راستەوخۆ لە خوێنبەر و خوێنهێنەری گەورەوە وەرگیراون کە دەکەونە نێوان بڕبڕەی پشت وپەراسووەکانەوە

لە ئایەتێکی تریشدا ئاماژەیەك بۆ ئەم ڕاستییە کراوە، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ﴾ (الأعراف:١٧٢). واتە: (پەروەردگار پێشتر پێش دروستکردنی مرۆڤەکان لەپشتی باوکیان (واتە پێش دروست بوونی مرۆڤەکان بەگشتی، کە پاشان لەپشتی باوك و دایکەوە دروست دەبن) پەیمانی لێوەرگرتن کە دان بەوەدا بنێن کە (الله) پەروەردگاریانە، ئەوانیش بەگشتی وتیان بەڵێ پەیمان و شایەتی دەدەین....) کە وابزانم ئاماژەیەکی ڕوونی تێدایە بۆ ئەوەی لەپشتەوە بنچینەی مرۆڤ و خانەکانی زاووزێیەتی.

هەروەها لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا (ﷺ) ئاماژە بۆ ئەمە کراوە: ﴿عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (رضِيَ الله عنها) قَالَتْ: دُعِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى جَنَازَةِ صَبِيٍّ مِنَ الأَنْصَارِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ طُوبَى لِهَذَا عُصْفُورٌ مِنْ عَصَافِيرِ الْجَنَّةِ لَمْ يَعْمَلِ السُّوءَ وَلَمْ يُدْرِكْهُ. قَالَ: «أَوَغَيْرَ ذَلِكَ يَا عَائِشَةُ! إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ لِلْجَنَّةِ أَهْلاً خَلَقَهُمْ لَهَا وَهُمْ فِي أَصْلاَبِ آبَائِهِمْ»﴾ رواه مسلم. واتە: عائیشەی دایکی ئیمانداران دەڵێت: (پێغەمبەر (ﷺ) بانگکرا بۆ ناشتنی منداڵێکی پشتیوانان، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خودا خۆش بەختی بۆ ئەم منداڵە، کە چۆلەکەیەکی بەهەشتە، نە خراپەی کردووە و نە خراپەی دیوە، ئەویش فەرمووی: هەر ئەوەیە ئەی عائیشە، خوای گەورە بڕیاری داوە، کە کێ خەڵکی بەهەشتە بۆ هەموو کەسێك هەر لەو کاتەی کە لە پشتی باوکیاندان.

کەواتە لە کۆتاییدا دەگەینە ڕاڤەی دروستی ئایەتە پیرۆزەکە، کە مەبەست لێی ئەوەیە: بنچینەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە دەردەچێت، کە دەکەوێتە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکانەوە، و دوایی لەڕێی ئاوێکی دەرپەڕیوەوە کە لە گونەکان و هێلکەدانەکانەوە دەردەپەڕێت دروستدەبێت.

بەڕاستی ئاماژەیەکی سەرسوڕهێنەر و پڕ لە ئیعجازە، چونکە کێ لەو سەردەمەی پێغەمبەردا (ﷺ)ئەم شتانە بە خەیاڵیشیدا دەهاتن، بەم شێوەیە ڕاستییە زانستییەکان و ئایەتەکانی قورئان یەکدەگرنەوە، کە هیچ سەیر نییە چونکە دروستکەری ئەم ڕاستییانە هەرئەوە کە قورئانی پیرۆزیشی بۆ ناردووین بە پێغەمبەردا (ﷺ): ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الملك:١٤).

**لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ ئایەتی (يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ):**

(د. داود سلمان السعدی) لە کتێبی (أسرار خلق الإنسان– العجائب في الصلب الترائب)دا بۆچوونێکی تری هێناوە دەربارەی ئەم ئایەتە، کە بۆچوونێکی جوانە و دەتوانین زیادیبکەین بۆ بۆچوونەکانی پێشتر، دەربارەی واتای ئەم ئایەتە، (د. السعدی) دەڵێت:

زانایانی تەفسیری پێشین هەموویان وتوویانە، کە مەبەست لە(الصلب) چەند بڕبڕەیەکی پشتە و (الترائب) چەند پەراسوویەکی سنگە، دەڵێن کە ئەوەی لێرەوە دەردەچێت بریتییە لە ئاوە دەرپەڕیوەکە و ئەم دوو شوێنە سەرچاوەی ئاوەکەن؟! بەڵام زانستی نوێ ئەم تەفسیرە ڕەتدەداتەوە و شوێنی دەرچوونی ئاوی پیاو و ئافرەتی بۆ ڕوونکردووینەتەوە، هەربۆیە (شێخ محمد مصگفی المراغی) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: ئایەتی (الصلب والترائب) زۆرێك لە زانایان و موفەسیرانی سەرسامکردووە و چەندین لێکدانەوەیان بۆ کردووە (هەر کەسەو بەپێی زانیاریی خۆی)، کە زۆرێك لەو بۆچوونانە لە تێگەیشتنی ڕاست و ڕایەکی دامەزراوەوە دوورن.

(د. السعدی) بەردەوام دەبێت لە قسەکانی و دەڵێت: لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا پزیشکە موسوڵمانە بەڕێزەکان زۆر هەوڵیانداوە بۆ ڕاڤەکردنی ئایەتی (الصلب والترائب) بە پشت بەستن بە ڕاستییەکانی زانستی نوێ، ئەوەبوو زۆریان گەیشتنە ئەو ڕایەی، کە ئەم دەرچوونی ئاوە لە (الصلب والترائب)ەوە مەبەست لێی لە کۆرپەلەدایە، کە سەلماوە لە کۆرپەلەدا سەرەتا ئەندامەکانی زاووزێ (گونەکان و هێلکەدانەکان) لە پشتدا و لە شوێنێکی نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکاندا دروستدەبن، هەروەها هەندێکی تریان بەوە ڕاڤەیان کردووە، کە مەبەستی ئایەتەکە مرۆڤە بە گشتی، کە کۆرپەلەکەی لە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکاندا دێتە دەرەوە و لەدایکدەبێت.



کۆرپەلەی مرۆڤ لە نێوان بڕبڕەی پشت و پەراسووەکاندا (الصلب والترائب)ەوە دێتە دەرەوە و لەدایك دەبێت.

بە بۆچوونی من، وشەکانی (الصلب والترائب) بە حەقیقی هاتوون و مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە کە سەرچاوەی مرۆڤ لە بەشێکی ئەم بڕبڕەی پشت و پەراسووانەوەیە، چونکە دەبینین خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا جەختی لەم ڕاستییە کردووەو دەفەرموێت: ﴿وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ ...﴾ (النساء:٢٣)، واتە: (لەسەرتان حەرامکراوە خێزانەکانی ئەو کوڕانەی کە لە پشتی خۆتانن)... کە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی نەوەکانتان لە پشتتانەوە (صلب) دروستدەبن، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەی تر لە قورئاندا بۆمان دەردەکەوێت کە مانای (مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) مەبەست لێی مانا حەرفییەکە نییە، کە لە نێوان ئەو دووانەوە دەردەچێت، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە، کە لەو دووانە پالفتە و پوختە دەکرێت.

ئەوەتا خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّ لَكُمْ فِي الأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا ...﴾ (النحل:٦٦), واتە:( بەڕاستی لە بوونی ماڵات و (زیندەوەرانی جۆراوجۆردا) پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆتان و جێگەی سەرنج و تێڕامانە, لە نێوان گژوگیای هەرسکراو و خوێندا (واتە لە پوختەی ئەم دووانەوە) شیرێکی پاك و بێگەرد و خۆش و بەتام بەرهەم دەهێنین) ..... کەواتە مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە کە لە پێکهێنەرەکانی خوێن و کۆئەندامی هەرسەوە ئەم شیرە پوختە دەردەهێنرێت و پاڵفتە دەکرێت, نەك لە ناوچەیەکی نێوانیانەوە/ کە ئەمە مانایەکی ڕاست نییە و زانستی سەلمێنراو ڕشەتیدەکاتەوە, هەروەها لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿أَأُنزِلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ مِن بَيْنِنَا ....﴾ (ص:٨), واتە: بێباوەڕان پێیان ناخۆش بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) لەنێو ئەواندا هەڵبژێردراوە بۆ پێغەمبەرایەتی, نەك بە واتا حەرفییەکەی، کە ئەوەیان پێناخۆش بێت، کە لە شوێنێکی نێوان ئەواندا وەحی بۆ هاتبێت؟!

هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەریشدا (ﷺ) نموونەمان هەیە، پشگیری ئەوە بکات کە لە پوختەی پشتی مرۆڤەوە کۆرپەلەکەی دروستدەبێت, وەك ئەو فەرموودە بەناوبانگەی کە دەربارەی بێباوەڕانی مەککە کە ئازاری پێغەمبەریان دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿بَل أَرْجُو أَن يُخْرِجَ اللهُ مِن أَصْلابِهِم مَن يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لا يُشْرِك بِهِ شَيْئا﴾ متفق عليه, واتە: (من ئومێدم وەهایە کە لە پشتی ئەمانەوە خوای گەورە نەوەیەك دروستبکات و دەربهێنێت، کە پەروەردگار بپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن) .

کەواتە لە پوختەی ئەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەوەی کە (الصلب والترائب) وەك سەرچاوەیەکی حەقیقی دیاریکراوە بۆ ئەو ئاوەی کە کۆرپەلەی مرۆڤی لێوە دروستدەبێت و لە پوختەیەکی ئەم دووانەوەیە کە ئاوەکە دروستدەبێت, ئەمە بۆچوونی زۆرێك لە موفەسیرە پێشینەکانە وەك لە (الحسن البصری)یەوە دەگێڕنەوە (کە القرگبی لە تەفسیرەکەیدا ئەم بۆچوونەی هێناوە) وتوویەتی: ئەم ئاوە لە پشت و پەراسووی پیاو و پشت و پەراسووی ئافرەتەوە دەردەچێت..... کە (الآلوسي)یش لە تەفسیرەکەیدا هەمان بۆچوونی هەیە.

لێرەدا تووشی کێشەیەکی تر دەبینەوە، کە ئێمە ئەمڕۆ دەزانین و زانستی نوێ بۆی سەلماندووین کە ئاوی پیاو لە گونەکانەوە و ئاوی ئافرەتیش لە هێلکەدانەکانەوە دروستدەبن, نەك ئەوەی لە (الصلب والترائب)ەوە دەربهێنرێن و پوختە بکرێن, کەواتە دەبێت هەردوو ووشەی (الصلب والترائب) وەك نموونە و خوازەیەك (كِناية) هێنرابێنەوە بۆ شتێکی گەورەتر، کە هەموو مرۆڤ خۆیەتی, واتە لەبری هەموو لەشی ئادەمیزاد.

ئەمەش بۆچوونێکە، کە هەندێك لە زانایان و موفەسیران بە ووردبینی و دووربینی خۆیان پێی گەیشتوون, لەوانە (شێخ محمد عەبدە) لە (تەفسیری جزمی عمّ)دا دەڵێت: {(الصلب) وەك نموونە هێنراوەتەوە و مەبەست لێی پیاوە, و (الترائب)یش مەبەست لێی ئافرەتە} واتە هەموو مرۆڤەکەیە, هەروەها (شێخ حەسەنێن مەخلوف) لە تەفسیرەکەیدا (صفوة البيان لمعاني القرآن) دەڵێت: (الصلب والترائب) لەبری هەموو لەش بەکارهێنراوەو دەرچوونی ئاوی دەرپەڕیو لەنێوان پشت و پەراسووی هەریەك لە ئافرەت و پیاو، مەبەستیش ئەوەیە کە ئەندامەکان و هێزەکانی لەشی هەردووکیان بەشداریدەکەن و هاوکاریدەکەن لە دروستکردنی ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی زاووزێی مرۆڤە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە ئێستا دەزانین، کە نهێنیی دروستبوونی مرۆڤ و شیفرەی پێکهاتنی لە ماددەی بۆماوەیی و جینەکانی سەر کرۆمۆسۆمەکاندایە, کەواتە دەتوانین بڵێین: کرۆمۆسۆمەکان گوزارشت لە هەموو لەشی مرۆڤەکان (بە پیاو و ئافرەتەوە) دەکەن و مەبەستی ئایەتە پیرۆزەکە لە (الصلب والترائب)دا بریتییە لە (کرۆمۆسۆمەکان), کەواتە واتای ئایەتەکە بەم جۆرەی لێدێت: مرۆڤ لە ئاوێکەوە دروستدەبێت (لە پیاو و ئافرەتدا) کە لە کرۆمۆسۆمەکانییەوە پوختە دەکرێت و دەردەهێنرێت.




کرۆمۆسۆمەکان کە شیفرەی پێکهێنانی هەموو ئەندامەکانیمرۆڤی تێدایە, ئەگەر یەکێکیان بکەینەوە دەبینین لە دوو شریتی (DNA ) پێچاوپێچ و خولخواردووی بەدەوری یەکدا پێکدێن

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە: ئەگەر مەبەستی پەروەردگار لە (الصلب والترائب) ئەمە بووایە ئەی بۆ بە ئاشکرا ئەمەی نەفەرمووە خۆ پەروەرگار ئاگادار و زانایە بە هەموو شتێك؟! ئێمەش دەڵێین لە زەمانی هاتنە خوارەوەی قورئاندا ماددەی بۆماوەیی و کرۆمۆسۆمەکان بە هیچ شێوەیەك نەبیسترابوون و نەزانرابوون و قورئان بە شێوەیەك هاتووەتە خوارەوە، کە هەموو کەسێك لێی تێبگات, بۆیە هێنانی زاراوەی وەك (کرۆمۆسۆمەکان) شتێکی بەجێنەبووە بۆ ئەو سەردەمە, و خەڵکی ئامادە نەبوون بۆ زانینی یاساکانی زاووزێ و بۆماوەزانی کە پاشان پەردە لەسەریان هەڵماڵرا.

نموونە لەسەر بەکارهێنانی (کنایە) لە قورئاندا زۆرە, ئەوەتا خوای گەورە هەر لە ئایەتەکانی کۆرپەلەزانیدا چەندین ناوی تری هێناوە بۆ ناساندنی قۆناغەکانی گەشە کردنی کۆرپەلە وەك (نطفة:

کە بریتییە لە تنۆکێك ئاو کە وەسفی سەرەتای کۆرپەلەی پێکراوە، علقە: واتە پارچەیەك خوێنی هەڵواسراو و ناوی کرمێکیشە کە وەسفی قۆناغێکی تری پێکراوە, لە هەمووی دیارتر بریتییە لە وشەی (مضغة)، کە پێشتر لە زمانی عەرەبیدا نەزانراوە و بە واتای پارچەیەك گۆشتی جووراو، دێت کە ئەمیش قۆناغێکی تایبەتی گەشەی کۆرپەلەی پێوەسف کراوە ....)، دەتوانین بڵێین هەردوو ووشەی (الصلب والترائب)یش بەکارهێنراون بۆ ناونانی شتێك کە پێشتر نەزانراوە (واتە کرۆمۆسۆمەکان) و ناوی هاوشێوەی نەبووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیش لە مانای (الصلب)دا پشتگیریمان دەستدەکەوێت بۆ ئەم بۆچوونە, یەکێك لە خوێندنەوەکانی وشەی (الصُّلْبْ) لە قورئاندا (الصُّلُب)ە، کە بریتییە لە خاچەکان کە کۆی (خاچ)ە یان هەر شتێك کە لە دوو هێڵی یەکتربڕی ئەستوون پێك بێت (†)، کە ئەگەر بڕوانینە وێنەی کرۆمۆسۆمەکان دەبینین بە تەواوەتی لە شێوەی (الصُّلُب)دان، واتە لە دوو هێڵی یەکتربڕ پێکهاتوون.

هەروەها وشەی (الصُّلْب) لە زمانی عەرەبیدا مەبەست لێی بنچینە و بنەڕەتی شتێکە (الأصل واللب والجوهر)، وەك عەرەب دەڵێن (لندخل في صلب الموضوع) واتە: بابچینە بنچ و بنەوانی بابەتەکەوە, بنچینە و بنج وبنەوانی مرۆڤیش لەناو کرۆمۆسۆمەکاندایە.

کەواتە بە کورتی بۆچوونی (د. داود سلمان السعدی) ئەوەیە، کە مەبەستی پەروەردگار لە ئایەتی (یَخْرُجُ مِن بَیْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) ئەوەیە کە بنچینەی مرۆڤ لە پاڵفتەیەکی پشت و پەراسووەکانەوە دەردەچێت و مەبەست لە وشەکانی (الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ) کە وەك (کنایە) بەکارهاتوون بریتییە لە کرۆمۆسۆمەکان، کەواتە ئەو ئاوەی کە دەردەچێت و بنچینەی مرۆڤە بە هۆی کرۆمۆسۆمەکانەوە دەرچووە.

کرۆمۆسۆمەکانیش بریتین لەو دروستکراوە سەمەرە و سەرسوڕهێنەرانەی،کە کە نهێنیی دروستبوونی مرۆڤ و هەموو سیفاتەکانی تێدایە و لە چەند یەکەیەکی بۆماوەیی پێکهاتوون، کە پێیان دەووترێت جینەکان، هەروەها لە هەموو ٤٦ کرۆمۆسۆمەکەی پێکهێنەری خانەکانی لەشدا نزیکەی ١٠٠ هەزار جین هەیە، کە هەر یەکەیان تایبەتە بە سیفەتێك و ووردەکارییەکی لەش یان نەخۆشییەکی دیاریکراو, وەك وتمان لە هەموو خانەیەکی لەشدا ٤٦ کرۆمۆسۆم هەیە, زانایان دەڵێن ئەگەر بێتو پێچاوپێچی و لوولخواردنی ئەم کرۆمۆسۆمانەی هەموو خانەکانی لەش بکەینەوە و بیاندەین لەیەك, ئەوا درێژییەکەیان ٦ × ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ مەتر, کە دەکاتە ماوەی ٨,٠٠٠ جار چوون و هاتن لە نێوان زەوی و مانگدا!!.

## ئاو و کێوەکان




زانایان دەڵێن، کە شاخەکان هاوکاریی دەکەن لە پاڵاوتنی ئەو ئاوە سازگارەی کە دەیخۆینەوە، هەروەها هاوکاریی دەکەن لە بارینی باران و پێکهێنانی هەروەکاندا، بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئاو دادەنرێن، ئەم ڕاستییە زانستییە قورئان پێش ١٤ سەدە ئاماژەی پێداوە، کاتێك باس لە ئاوی سازگارو پەیوەندیی بە کێوە لوتکە بڵندەکانەوە دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ شَامِخَاتٍ وَأَسْقَيْنَاكُمْ مَاءً فُرَاتًا﴾ المرسلات: ٢٧. مەبەست لە(رواسی شامخات) کێوی لوتکەبڵندە، (فرات) ئاوی سازگارە، کە تامی خۆشە، ئایا ئەمە موعجیزەیەك نییە، کە شایەنی بیرلێکردنەوە بێت؟

## ڕووناکیی و ڕۆشنیی تیشکدار (النور و الضیاء)




زانایان لەم دواییانەدا ئەوەیان دۆزییەوە، کە مانگ تەنێکی ساردە بە پێچەوانەی خۆرەوە کە تەنێکی داگیرساوە، بۆیە قورئان بە وشەیەکی زۆر ورد وەصفی مانگی کردووە بەوەی، کە (ڕووناکییە)، بەڵام خۆر بە(ڕۆشنیی تیشکدار) وەصفکراوە، (نور) ڕووناکیی بێ گەرمییە و لە سەر ڕووی مانگ دەدرێتەوە، بەڵام (چیاو) ڕووناکییە لەگەڵ گەرمیدا، کەلە خۆرەوە دەردەچێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا﴾ (خوا ئەو زاتەیە، کە خۆری کردووە بە سەرچاوەی تیشك و ڕووناکیی و مانگیش بە سەرچاوەی ڕووناکیی)، یونس: ٥. کێ لەسەردەمی دابەزینی قورئاندا دەیزانی، کە مانگ تەنێکی ساردە؟ ئەم ئایەتە گەواهیی لەسەر ڕاستیی فەرمودەی خوای گەورە دەدات.



# رۆژگیران
# بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی خوای گەورە

و: بەرزان ئەبوبەکر رەشید

خۆرگیران ئەو دیاردەیەیە، کە لە هەموو سەردەمەکاندا مرۆڤی سەرقاڵکردووە، سەبارەت بەم دیاردەیە لە کۆندا گەلێك قسەو باس و ئەفسانەو بیرۆکەی گاڵتە ئامێز هەبووە، هەندێك لە خەڵکی بڕوایان وابوو، کە خۆرگیران بە هۆی مردنی پاشایەك یاخود لە دایکبوونی کەسێکی گەورەوە روودەدات، هەندێکی دیکە لەو بڕوایەدا بوون، کە بە هۆی رووخانی پاشایەکەوە یان بە هۆی روودانی کارەساتێکی سروشتی یاخود شکستهێنان لە جەنگدا روودەدات.

چینییەکانیش لێکدانەوەیان بۆ خۆر گیران بەم شێوەیە بوو: لەو کاتەدا هەژدیهایەك دەیەوێت خۆر قوتبدات، هەر لەبەرئەوە دەستیان دەکرد بە لێدانی تەپڵ و هاویشتنی تیر ڕووەوە بۆشایی ئاسمان تا هەژدیهاکە بترسێت و خۆر لە قوڕگی بێنێتە دەرەوە!

هندییەکانیش لە کاتی خۆرگیراندا خۆیان لەناو ئاودا نقومدەکرد، نەبادا شتێك بەربێتەوەو بکەوێت بەسەریاندا. هەتا ئەمڕۆش ئیسکیمۆ لەو بڕوایەدان، کە خۆر لەو کاتەدا خۆی دەشارێتەوەو دەڕوات و دوور دەکەوێتەوە، پاشان جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە.

لە ساڵی ١٢٣٠ی زاینیدا لە ئەورووپای رۆژهەڵات لە بەرەبەیانێکدا خۆرگیران روویدا، ئەو رۆژە کرێکارەکان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، چونکە واگومانیان برد شەو باڵی کێشاوە بەسەر ئاسماندا، بەڵام لە دوای کاتژمێرێك خۆر گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی ئەمەش بووە هۆی سەرسوڕمانی هەمووان!

کاتێك زانست و تەکنەلۆژیا بەرەو پێشچوو، توێژینەوە زانستییەکان لێکدانەوەی دروست و گونجاویان بۆ ئەم دیاردەیە خستەڕوو، روونیان کردەوە، کە دیاردەی خۆرگیران دیاردەیەکی ئاسایی و سرووشتییەو لە ئەنجامی سوڕانەوەی مانگ بە دەوری زەویداو لەو کاتەی مانگ دەکەوێتە نێوان خۆرو زەوییەوە دەبێتە رێگر لە بینینی خۆر. ئەم دیاردەیەش دووبارە دەبێتەوە بە هۆی بەردەوامبوونی یاسای گەردوونەوە، هەروەها دەکرێت پێش ئەوەی خۆرگیران رووبدات، پێشبینی بکرێت.

**چۆن خۆرگیران روودەدات؟**

مانگ بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە، زەویش بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هەر یەکێك لەوان خولگەیەکی دیاریکراویان هەیەو بە شێوەیەکی زۆر ورد دەسوڕێنەوە، کاتێك مانگ لە رۆژدا دەکەوێتە نێوان خۆرو زەوییەوە دەبێتە هۆی بەربەستێك لە بەردەممانندا، رووناکی خۆر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دیار نامێنێت، ئەمەش پێی دەگوترێت دیاردەی خۆرگیران، لەم کاتەدا مانگ و خۆرو زەوی دەکەونە سەر یەك هێڵ.

**جۆرەکانی خۆر گیران:**

١- خۆرگیرانی تەواو: جوانترین جۆرەکانی خۆرگیرانە، لەو کاتەدا تیشکی خۆر بە تەواوەتی دیار نامێنێت.



٢- خۆرگیرانی ناتەواو: کاتێك مانگ بە بەردەمی خۆردا تێدەپەڕێ و بەشێك لە خۆر دادەپۆشێت، ئەمەیان پێی دەگوترێت خۆرگیرانی ناتەواو.




٣- خۆرگیرانی ئەڵقەیی: لەو کاتەدا روو دەدات، کە خۆرو مانگ بەشێوەیەکی تەواو تووشی یەك نایەن، ئەم دیاردەیە بە شێوەی خەرمانەی مانگ دەردەکەوێت، ئەمەش بە شێوەیەکی جوان و دڵڕفێن دەبینرێت.



هەرێمی خۆر چوار سەد ئەوەندەی هەرێمی مانگ گەورەترە، بۆئەوەی خۆرگیران رووبدات، پێویستە کە خۆر چوارسەد ئەوەندەی مانگ لە زەوییەوە دوور بێت، لەم کاتەشدا هەردووکیان بە شێوەیەك دەردەکەون، کە یەك قەبارەیان هەیە، لەم ساتەدا خۆرگیران روو دەدات.

**زیانەکانی سەیرکردنی خۆر لە کاتی گیرانیدا:**

سەیرکردنی خۆر لە هەر جۆرێکی خۆرگیراندا دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی بەردەوام بە چاو، بە هۆی بەرکەوتنی تیشکی چڕو پڕی خۆر بە چاوی ئەو کەسەی سەیری خۆر دەکات، تەنانەت سەیرکردنی بەهۆی چاویلکەی دژە خۆرەوە هەمان زیانی دەبێتو نابێتە هۆی پاراستنی لە تیشکە زیانبەخشەکان. هەروەها پێوستە رێگا لە منداڵان بگرین لە سەیر کردنی خۆر لە کاتی خۆرگیراندا، بۆئەوەی چاویان لە هەموو زیانەکانی پارێزراو بێت، بەڵام دەتوانین بەهۆی هەندێك شتی هونەری زۆر سادەوە سەیری بکەین، ئەویش بە بەکارهێنانی کارتۆنێکی بەهێزی تایبەت بە ئەندازەی ملیمەترێك کونی تێ بکرێتو لەوێوە بەبێ زیان سەیری بکرێت، تەنانەت دەتوانرێت بەهۆیەوە سەیری تەقینەوەکانی خۆریش بکرێت.



بەڵام نابێت  بە چاوی ئاسایی سەیری خۆر بکەیت لە هیچ کام لە جۆرەکانی خۆرگیراندا، چونکە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی هەمیشەیی بە تۆڕی چاو، ئەم زیانانەش دوای ماوەیەکی دوورو درێژ دەردەکەوێت، هەندێك جاریش دەبێتە هۆی کوێر بوونی هەمیشەیی.

ئەو زیانانەی لە ژێر تیشکە سورەکانەوە دێت بە چاوی ئاسایی نابینرێن، هەر لەبەرئەوەیە ئەو کەسەی  کە سەیری خۆر دەکات لەو بڕوایەدایە کە هیچ زیانێکی نییە. بەڵام ئەگەر ئەو تیشکە زیانبەخشانەی خۆر بچێتە نێو چاوی مرۆڤەوە، دەبێتە هۆی دروستبوونی برینێکی گەورە لە تۆڕی چاویدا.

**ئەو کاریگەرییانەی لەگەڵ خۆرگیرانی تەواودا روو دەدەن:**

لە کاتی خۆرگیرانی تەواودا، هەر کە مانگ دەستی بە تێپەڕین بە بەردەمی خۆردا کرد،  تاریکایی تەواوی ئاسمان دادەپۆشێت، لەو کاتەدا دیمەنێکی جوانو دڵڕفێن دەبینین، تاریکایی لە کاتی رۆژدا! لە هەمان کاتدا چەند دیاردەیەکی دیکە دەردەکەون، سەرەتا گوڵەکان دەچنەوەیەك، هەروەکو ئەوەی، کە شەو بێت، هەنگیش بەو رووداوە سەرسام دەبێت، باڵندەکان لە خوێندن رادەوەستن... تاڕادەیەکیش پلەی گەرما دادەبەزێت، مانگ لە گەشتەکەی بەردەوام دەبێت، پاشان بەردەمی خۆر جێدەهێلێت، خۆریش سەرلەنوێ دەردەکەوێتەوەو کاروبارەکان ئاسایی دەبنەوە.

**پەیامی پێغەمبەری ئازیز سەبارەت بە خۆرگیران:**

ئاشکرایە زانست چۆن پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، لە قسەگەلێکی سەیرو سەمەرەو ئەفسانەو گاڵتە ئامێزەوە گەیشتنە لێکدانەوەیەکی زانستیی دروست بۆ دیاردەی خۆرگیران، زانست ئاشکرای کرد، کە خۆرگیران دیاردەو رووداوێکی ئاسایی گەردوونە، هەرگیز خۆرگیران بۆ ژیانو مردنی هیچ پاشایەك ڕوونادات، بەڵکو ئەم رووداوە لەوە گەورەترە،کە خەڵکان بیریان لێدەکردەوە.

ئەم بیروباوەڕو بۆچوونانە سەبارەت بە دیاردەی خۆرگیران لە سەردەمی پێغەمبەری ئازیزماندا باوبووە، بەڵام ویستی پەروەردگار وابووە کە لە سەردەمی ژیانی ئازیزماندا خۆرگیران رووبدات، هەر کە دیاردەکە روویدا هاوەڵان بە پەلە هەواڵەکەیان گەیاندە پێشەوای ئازیزو وتیان کەسێکی گەورە مردووە یاخود لە دایکبووە! بەڵام دەبێت چ زانستێکی لە لایەن دروستکاری خۆرو مانگەوە پێ گەیشتبێت سەبارەت بەو دیاردەیە، ئایا پشت راستی وتەی هاوەڵانی بکاتەوە؟ یان لە سەردەمی نەبوونو پێشنەکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستو زانیاری وەڵامێك بداتەوە، کە ببێتە بناغەیەکی زانستیی تا کۆتایی ژیان؟ دەبێت هاوڕابێت لەگەڵیاندا یاخود ڕێنماییان بکات بەرەو ڕاستییەکی زانستیو پوچەڵکردنەوەی ئەو قەسەڵۆكو ئەفسانانەی، کە لەو سەردەمەدا باوبوون؟ بێگومان هەر ئەوە لە پێشەواو پەیامبەری مرۆڤایەتی

چاوەڕێ دەکرێت، کە وەڵامێك بداتەوە بناغەیەکی زانستی پێدابرێژێت، هەر بۆیە چەند وتەیەکی فەرموو، کە بووە هۆی دەرخستنی راستییەکان و دانانی بناغەیەکی زانستیی بۆ ئەو دیاردەیە، زانایان لە سەدەی بیست و یەکدا پاش زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ و دوای ئەو هەموو پێشکەوتنەی، کە جیهان بە خۆیەوە بینی توانیان دەرك بەو راستییە بکەن! پێشەوا لە وتەکەیدا فەرمووی ﴿إن الشمس والقمر ايتان من ايات الله تعالى، لا ينخسفان لموت أحدهم ولا لحياتهم، فاذا رايتم ذالك فافزعوا إلى ذكرالله تعالى وإلى الصلاة﴾ رواه البخاري ومسلم وغيرهما. (خۆرو مانگ دوو نیشانەو بەڵگەن لە نیشانەو بەڵگەکانی پەروەردگار، بۆ مردن و لە دایکبوونی هیچ کەس ناگیرێن، هەرکات ئەو رووداوەتان بینی یادی پەروەردگار بکەن و برۆن بۆ نوێژ کردن).

ئەم فەرموودەیە چەندین ڕاستیی زانستی دەرخست، کە پێشتر کەس پەی پێنەدەبردن، لەوانە:

١- ئەم فەرموودەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە خۆرو مانگ دوو دروستکراوی پەروەردگارن و یەکێکن لە بەڵگەکانی خودای بەدەسەڵات، پەروەردگار دەستەبەری کردوون و هیچ پەیوەندییان نییە بەو رووداوانەی، کە لەسەر زەویدا روودەدەن، وەکو لە دایکبوون و مردن، سەرکەوتن و شکستهێنان... هتد. پێش چواردە سەدە لەمەوبەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بناغەیەکی زانستی دانا، کە بوو بە بنەمایەك بۆ توێژینەوە زانستییەکان و دیاردە گەردوونییەکان.

٢- لە فەرموودەکەدا ئاماژەکراوە بەوەی، کە دیاردەی خۆرگیران بە خۆرو مانگ پێکەوە روو دەدەن، لەو سەردەمانەدا خەڵکی بڕوایان وابوو کە مانگ گیران و خۆرگیران دوو شتی لە یەك جیاوازن، دیارە ئەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە خۆیەوە شتێکی بووتایە ڕەنگە هاوڕا بوایە لەگەڵ بۆچوونی هاوەڵانی، بەڵام دەبینین پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حەق و راستی لە ناڕاست و ناڕەوا جیا دەکاتەوە، ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێت، کە پەروەردگارمان دەفەرموێت ﴿وما ينطق عن الهوى إن هو إلا وحي يوحى﴾.

٣- پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانمان پێ دەکات، کە لە کاتی خۆرگیراندا نوێژ بکەین و بپاڕێینەوە (فافزعوا إلى الصلاة)! ئایا ئەمە هۆکارێك نییە بۆئەوەی چاوەکانمان لەو تیشکە ترسناکە بپارێزێت، کە دەبێتە هۆی کوێربوونی هەمیشەیی؟ کاتێك گوڵ و گەڵاکان دەچەمێنەوە لە کاتی خۆرگیراندا دەگونجێت ئەوە جۆرێك بێت لە کڕنووشبردن بۆ پەروەردگار.

٤- بوخاری لە موغیرەی کوڕی شعبەوە گێڕاویەتییەوەو دەڵێت: ئەو ڕۆژەی کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد، قەدەر وابوو خۆرگیرا، خەڵکی وتیان خۆر بۆ مردنی ئیبراهیم گیراوە، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (إن الشمس والقمر آيتان من آيات الله، لا ينخسفان لموت أحد ولا لحياته، فأذا رايتموها فادعوالله و صلوا حتى ينجلي) (خۆرومانگ دوو بەڵگەو نیشانەن لە نیشانەکانی پەروەردگار، بۆ مردن و لە دایکبوونی هیچ کەس ناگیرێت، هەرکات ئەم رووداوەتان بینی، نزا بکەن و نوێژی خۆرگیران ئەنجام بدەن، هەتاوەکو خۆر دەردەکەوێتەوە)!

لەم فەرموودەیەدا موعجیزەیەك هەیە لە وتەی (حتى ينجلي)، ئایا ئەم دەستەواژەیە ئاماژە نییە بە لاچوونی مانگ لە بەردەم خۆردا؟ لە فەرهەنگی (المختار الصحاح) دا وشەی (ينجلي) بە دەرکەوتن لێکدراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەمانگ خۆری تاریککردووە پاشان دەڕوات و دواتر خۆر دەردەکەوێت، ئەمەش ئەوپەڕی وردەکاری زمانەوانی و زانستیی فەرموودەکە دەردەخات.

٥- لێرەدا شتێکی گرنگ دەردەکەوێت ئەویش سەلماندنی پێغەمبەرایەتی محمد (صلى الله عليه وسلم)ە، کە لە لایەن پەروەردگارەوە هەڵبژێردراوە، چونکە ئەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) مەبەستی ناوبانگ و ماڵ و سامان و ئەو شتانە بووایە، ئەوا سوپاسی ئەو کەسەی دەکرد کە هەواڵی خۆرگیرانی بۆ هێناوە کە بەهۆی کۆچی دوایی کوڕەکەیەوە رووی داوە. تەنانەت ئەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێدەنگ بووایە لە بیستنی ئەو هەواڵە، وازی لە خەڵکی بهێنایەو ڕێگەی بدایە خەڵکی بە پیرۆزیان بزانیایە و ئەگەر وەسف و ستایشی خەڵکی پێ خۆشبووایە، ئەوا لەو کاتەدا لە نێو خەڵکی زیاتر پلەو پایەی بەرز دەبوویەوە، بەڵام ئەو بەندەیەکە لە بەندەکانی پەروەردگار، شتێکی ناوێت و بۆ هیچ شتێك هەوڵ نادات جگە لە ڕەزامەندی پەروەردگارو راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامەپیرۆزەی کە پەروەردگار پێی گەیاندووە. ئەمەش جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ناوبانگ و پلەو پایەی نەویستووە، بەڵکو هەموو خەمێکی ڕەزامەندی پەروەردگار بووە، لەبەر ئەوەشە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا وەسفی دەکات و دەفەرمووێت: (لقد جاءكم رسول من انفسكم ....... العظيم) التوبه ١٢٨- ١٢٩.

لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە دیاردەی خۆرگیران و مانگگیران بەڵگەیەکن لە بەڵگەکانی پەروەردگار، کەواتە پێویستە لەسەرمان بە دیدێکی وردترو قووڵتر لە بەڵگەو نیشانەکانی پەروەردگار وردببینەوە، پەروەردگار لەو بارەیەوە دەفەرمووێت (كذالك نفصل الآيات لقوم يتفكرون) يونس٢٤، هەروەها دەفەرموێت (كذالك يبين الله لكم الآيات لعلكم تتفكرون).

پەروەردگار هانماندەدات، کە زیاتر بیر لە ئایەت و بەڵگە گەردوونییەکان بکەینەوە بەو هیوایەی زیاتر لە دەسەڵاتی پەروەردگار تێبگەین و لەوکەسانەبین، کە پەروەردگار لە بارەیانەوە دەفەرمووێت: (والذين إذا ذكروا بايات ربهم لم يخروا عليها صما وعميانا).



# ڕێنموویی ئیسلام وڕیتمی كاتژمێری بایۆلۆجی

و: د. دیاری أحمد إسماعیل

قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاماژەیان بە گرنگی شەوو ڕۆژ كردووە، لە لایەنی تایبەتمەندكردنی شەو بە ئارامی و پشوودان، ڕۆژیش بەكاركردن و چالاكییەوە... تازەكی سەلمێنراوە، كە سوڕێكی نەگۆڕ لە لەشی زیندەوەردا لەسەر ئاستی خانەو شانەكاندا هەیە، كە پەیوەندییەكی بەهێزی لەگەڵ دووبارە بوونەوەی شەو و ڕۆژدا هەیە.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا دیدێكی زانستیی هاوچەرخ دەربارەی (كاتژمێری بایۆلۆژیی)دەخەینەڕوو، لەڕووی ناساندنی و پێگەو بەڵگەو كاریگەرییەكانییەوە، هەروەها ئەم لێكۆڵینەوەیە پەیوەندیی نێوان ڕێبازی ئیسلامو موعجیزەی قورئانی و پێغەمبەریی و ئەم دیدە هاوچەرخەی دەربارەی كاتژمێری بایۆلۆژییە و دۆزینەوە زانستییەكان، ڕووندەكاتەوە.

**یەكەم :لەڕووی شەرعەوە:**

خوای گەورە دەفەرموێت: (فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا.. الأنعام: ٩٦)، واتە: (خوا بە دیهێنەری شەبەق و ڕووناكی ڕۆژبوونەوەیەو شەوی كردووە بە كات و هۆی ئارامگرتن).. هەروەها دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُواْ فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا.. یونس: ٦٧)، واتە: ( ئەو خوایە زاتێكە شەوی بۆ داناون، تا تێیدا بحەسێنەوەو ڕۆژیشی داناوە بە ڕووناككەرەوە)، دەفەرموێت: (قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَاء أَفَلاَ تَسْمَعُونَ ۝ قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلاَ تُبْصِرُونَ ۝ وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ القصص:٧١-٧٣)، واتە: {ئەی محمد پێیان بڵێ: هەواڵم بدەنێ، ئەگەر خوا شەوتان بۆ درێژ بكاتەوە تا ڕۆژی قیامەت، چ پەرستراوێكی تر جگە لە خوا ڕووناكییتان بۆ دێنێت؟ دەی ئایا ئێوە نابیستن؟ پێیان بڵێ: پێم بڵێن ئەگەر خوا ڕۆژ بكاتە هەمیشەیی بۆتان تا ڕۆژی قیامەت، چ پەرستراوێكی تر بێجگە لە خوا شەوتان بۆ دێنێت ئارامی تیابگرن؟ دەی ئایە ئێوە نابینن؟ لە بەزەیی ئەو (خوایە)، كە شەو و ڕۆژی بۆ دروستكردوون بۆ ئەوەی ئارامبگرن لە (شەو)داو بۆئەوە بگەڕێن بە دوای ڕۆزی و بەهرەی خوادا لە ڕۆژداو بۆ ئەوەی سوپاسی خوا بكەن}. هەروەها دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ مَنَامُكُم بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَابْتِغَاؤُكُم مِّن فَضْلِهِ.. الروم:٢٣)، واتە: {لە نیشانەكانی ئەوە خەوتنتان بە شەو و ڕۆژداو هەوڵدانتان (لە ڕۆژدا) بۆ بەهرە وەرگرتن لە بەخششی خوا}، دەفەرموێت: (اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا.. غافر:٦١)، واتە: {خوا ئەو زاتەیە شەوی داناوە بۆ ئێوە تا ئارامی تێدا بگرن و ڕۆژیشی ڕوناك كردووەتەوە..}.

لەو ئایەتە پیرۆزانەی پێشەوە ئەوەمان دەستدەكەوێت، كە خوای گەورە شەو و ڕۆژی بە شێوەیەكی یەك لە دوای یەك بۆ مرۆڤ داناوە، بەشێوەیەك بۆ ژیانی گونجاو بێت.. ئەوەتا ساردیی شەوی كردووەتە هۆیەك بۆ سستبوونی هێزە بزوێنەرەكان، تاریكییەكەشی كردووەتە هۆی حەوانەوە.. بەڵكو هەر بەشێكی شەو و ڕۆژیشی تایبەتمەندكردووە بە كارێكەوە" وەك زوو بە ئاگاهاتن بۆ شەونوێژ، پاشانیش نوێژی بەیانی، جا كاتی قەیلوولە (سەرخەوی نیوەڕوان) بۆ پشوودان.. (تەفسیری روح المعانی– الألوسی). هەروەها خوای گەورە فەرمانی كردووە بە پارێزگاریكردن لە نوێژی ناوەڕاست (العصر).. سەبارەت بە شەویش، كە كاتی خەوە، ئەوانەی لێ بەردەركردووە، كە كاری

پێویستیان هەیە، وەك پاسەوانیی و ئێشکگرتن.. کەواتە زۆربەی شەو کاتی پشوودانە، تەنها سێیەکی کۆتایی نەبێت، کە کاتی شەو نوێژە.. ڕۆژیش زۆربەی بۆ کارکردن و هەوڵدانە، تەنها ماوەی نیوەڕۆ نەبێت، کە کاتی قەیلولەیە، کە ئەمەش-وەك دوایی دەردەکەوێت- دەقاودەقە لەگەڵ ڕیتمی بایۆلۆجی (کاتژمێری بایۆلۆجی)، کە کاری مرۆڤ ڕێکدەخات.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «أغلقوا الأبواب بالليل، وأطفؤا السُرَج، وأوكوا الأسقية، وخمّروا الطعام والشراب...» (رواه أحمد)، واتە: {بە شەو دەرگاکان دابخەن، چراکان بکوژێننەوە، خواردن و خواردنەوەکانتان داپۆشن..}.

عبدالله ى كورى عەمری دەیگێڕێتەوە، جارێکیان پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرمووم: «ألم أُخْبَر أنك تقوم الليل وتصوم النهار؟» قلت: إني أفعل ذلك، قال: «فإنك إذا فعلت ذلك هجمت عينُك ونَفِهَت نفسُك، وإن لنفسك حقاً، ولأهلك حقاً، فصُمْ وأفطر وقُم ونَم» (رواه البخاري)، واتە: {بیستوومە، کە شەوانە بەردەوام شەو نوێژدەکەیت، بە ڕۆژیش بە ڕۆژوو دەبیت؟ وتم: بەڵێ وادەکەم. فەرمووی: ئەگەر وابکەیت ئەوا چاوەکانت لەدەستدەچن، .. بەڕاستی جەستەت مافی بەسەرتەوە هەیە، خێزانەکەت مافی بەسەرتەوە هەیە. هەندێك ڕۆژ بەڕۆژووبە و هەندێك ڕۆژیش بەڕۆژوو مەبە، شەونوێژ بکەو بشخەوە..}. هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: «لا سمر بعد الصلاة-يعني العشاء الآخرة- إلا لأحد رجلين: مُصَلٍ أو مسافر» (رواه أحمد)، واتە: {شەونخونی نابێت بکرێت دوای نوێژی خەوتنان، مەگەر یەکێك شەونوێژ بکات، یان یەکێك لەسەفەردا بێت}. بۆیە زانایان لە هاوەڵان و شوێنەکەوتووان، بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی مانەوە دوای نوێژی خەوتنان هەبووە.. لای هەندێکیان (مكروه)ە، لای هەندێکیشیان مۆڵەتی پێدراوە، ئەگەر بۆ مەبەستی زانست بێت، یان بۆ کارێکی پێویست.

لەم فەرمودانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە:

١. شەو تایبەتە بە ئارامگرتن و پشوودانەوە، مەگەر سێیەکی کۆتایی، ئەویش بۆ شەو نوێژو یادی خوا.
٢. زوو نوستن دوای نوێژی خەوتنان، مەگەر بۆ پێویستی.
٣. هاندان بۆ ئامادەکردنی کەشی گونجاو بۆ پشوودان و ئارامیی شەو، ئەویش بە فەرمانکردن بە کوژاندنەوەی چراکان لە کاتی نووستندا، دوورکەوتنەوە لە لەدەرگادانی ناوەخت لە شەودا.. کە ئەمانە هەموویان کاریگەریی دەرەکین لەسەر کاتژمێری بایۆلۆجی.
٤. نەهیکردن لە بەردەوامبوون لە شەونوێژدا، ئەگەر هەستی کرد بێ توانایەو خەوی دێت، بۆ ڕاگرتنی پێداویستیەکانی جەستە.

## دووهەم: لەڕووی زانستییەوە:

ڕیتمی بایۆلۆجی بریتییە لەو گۆڕانکارییە خولییەی، کە لە چالاکی ئەندامەکانی لەشدا ڕوودەدات. لە نزمترین ئاستەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە بەرزترین ئاست، پاشانیش بە پێچەوانەوە بەرەو نزمترین ئاست.. ئەوەش بەپێی پلانێکی زەمەنیی نەگۆڕ، ئەم بارەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی خانەی زیندوو، کە لە هەموو زیندەوەراندا هەیە، لە تاکخانەیەکەوە تا دەگاتە مرۆڤ، لە هەموو ئاستەکانی زیندەوەر، لە ئۆرگانەکان وکۆئەندامەکان و شانەو خانە و پێکهاتەکانی ناو خانەش.

* تایبەتمەندی ئەم ڕیتمە ئەوەیە، کە سنووردارە ئەمەش بۆماوەییەو بەدەسخراو نییە.. نەگۆڕە بەپێی جۆری زیندەوەرەکە.. بۆ نموونە مشك چالاکییەکانی لە شەودایەو بەڕۆژ پشوو دەدات، بەڵام مرۆڤ چالاکیەکانی بەڕۆژەو شەویش پشوو دەدات.

بە وردبوونەوە لە دیزاینی زەمەنیی جەستەی مرۆڤ، دەردەکەوێت کە هەموو کۆئەندام و ئۆرگانەکان بەپێی پلانێکی هاوکێشەوە کاردەکەن، مەبەستیش لەمە بەدیهێنانی سوودی بەرزی جەستەیە، بە ڕەچاوکردنی سەلامەتیی و بەرەو کامل بوون و گونجاندن، بۆ نموونە: کۆئەندامی دەمار، دڵ، هەناسە بە ڕۆژ چالاکن، دەردانی هۆرمۆنەکانی وەك کۆرتیزۆن زیاد دەکەن (کە لە بەیانیاندا دەگاتە لوتکە)، هەروەها هۆرمۆنی هاندەری ڕژانی کۆرتیزۆن (ACTH)بە یەك کاتژمێر پێشتر.. بەڵام لە کاتی شەودا ڕژاندنی ئەو هۆرمۆنانە زیاد دەکەن کە دەبنە هۆی پشوو حەوانەوە، وەك هۆرمۆنی میلاتۆنین، پرۆستاگلاندین، چالاك بوونی کۆئەندامی دەماری سیمپاتیکی، زۆربوونی خانە لیمفاوییەکان و خرۆکە سپییەکانی خوێن -بۆ بەهێزکردنی بەرگری لەش- بۆیە بە زۆری تا لەشەودایە.. لە هەمان کاتدا هۆرمۆنی کۆرتیزۆن بە شەو کەم دەکات (کە دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرگری لەش).

کاتژمێری بایۆلۆجی هەڵدەستێت بە ڕێنموونی کردنی ڕیتمی بایۆلۆجی (الإيقاع الدوري)و نەخشەی زەمەنیی (التصميم الزمني) بە شێوەیەکی نەگۆڕو گونجاو.

ئەم کاتژمێرە دەکەوێتە سەنتەرێکەوە لە مێشکدا و لەهەندێك خانەو شانەی تردا.. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە لێکردنەوەی سەری مێشوولەی میوە، نابێتە هۆی نەمانی ڕیتمە بایۆلۆجییەکەی.. دۆزراوەتەوە، کە هەندێك جین هەن بە ناوی (پێر Per) و(تیم لێس Tim Less) لەناو ئەو سەنتەرانەدا.. بە هاتنی تاریکی و ڕووناکی کاریگەردەبن، بە ڕووناکی درەوشاوە کەمدەکەن، بە تاریکی زیاد دەکەن.. ئەگەر چەندێتییەکەی زیادی کرد، ئەوا یەکدەگرن، پاشان لە ڕێگەی میکانیزمی (فید باك Feed Back)ەوە دەستدەکات بە وەستاندنی چالاکیی ئەو جینانەی، دروستیانکردوون، پاشان جینەکان شیدەبنەوە (دووای کۆبوونەوەیان)، جارێکی تر هەمان سووڕ دەستپێدەکاتەوە..

هەروەها دوو جینی تر ناویان (کلوك)و (یامال)ە، لەگەڵ دوو جینەکەی (پێرو تیم) یەکدەگرن و چالاکیان دەکەن، تا کاتژمێرە بایۆلۆجیەکە بکەوێتە کار.. کەواتە ئەم چوار جینە بریتین لە: دڵی کاتژمێری بایۆلۆجین.. جا ئەو سووڕە لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دەستپێدەکات،پاشان وردە وردە پڕۆتینەکان کەڵەکەدەبن تا دەگەنە لوتکە لە پێش بەرەبەیاندا (الفجر)، ئینجا جارێکی تر کەمدەکەن و سووڕەکە دەستپێدەکاتەوە و بەمشێوەیە....

دەبێت بزانین، کە کاتژمێری بایۆلۆجی خۆی هاوکاری خۆیەتی و بەشێوەیەکی خۆڕسك کاردەکات، بەڵام گۆڕانکاری و هۆکارە دەرەکییەکان لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی کاتژمێرەکەدا کاردەکەن ، لەگەڵ زیادکردن یان کەمکردنی خولە بایۆلۆجیەکان، لەوانەش: ڕووناکی و تاریکی، بەخەبەرهاتن و نووستن و ئارامی، دەنگە دەنگ .. کارەکەشیان لە ڕێگەی گۆڕانە لە چەندێتی و چۆنێتی ئەو جینانەی، کە کۆنتڕۆڵی ڕێکخستنی کاتژمێرە بایۆلۆجییەکە دەکەن.. ئەم هۆکارانەش دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە ئەرکی ئۆرگانی هەڵسوکەوتدا.

- ڕووناکی:

ڕووناکی ڕژانی هۆرمۆنەکانی چالاکی، وەك هۆرمۆنی هاندەری کۆرتیزۆن، هۆرمۆنی نێرینە (تێستۆستیرۆن) لە ناوەڕاستی ڕۆژدا (١٢ی نیوەڕۆ) دا چالاکدەکات، بەڵام ڕژاندنی هۆرمۆنی میلاتۆنین (کە گلاندی کاژی – الغدە الصنوبریە –دەریدەکات) کەمدەکات.. ماوەی ڕووناکی –چەند کاتژمێر بێت– دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو کاتەی کە ڕیتمی بایۆلۆجی دەگاتە لوتکە، جا کۆئەندامی دەماری سیمپاتیکی چالاکی زیاد دەکات (کە خۆی بزوێنەری هۆرمۆنە چالاکەکانە)، ئینجا لێدانی دڵ زیاد دەکات و فشاری خوێن بەرز دەبێتەوە، وزەی داواکراو بۆ چالاکییەکان زیاددەکات، خوێن پتر دەچێت بۆ مێشك، دەبێتە زیادبوونی بە ئاگایی و ڕێکخستنی جووڵەیی.

زیادبوونی ڕژاندنی کۆرتیزۆن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی چەوری و پڕۆتینەکان (کە دەبێتە هۆی وەدەستهێنانی ترشەلۆکە ئەمینیەکان بۆ لەش).. کە ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ زیادبوونی وزەی داواکراو بۆ چالاکییەکانی ڕۆژ.

لە ناوەڕاستی ڕۆژدا ڕێژەی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن دەگاتە لوتکە، ئاستی هۆرمۆنی ئەدرینالینیش هەر بەرزە، هەستکردن بە برسێتیش دەبێتە هۆی شلەژان.. هەروەها ئەدرینالین لە کاتژمێر ٢–٤ی ئێوارە جارێکی تر بەرز دەبێتەوە بۆ لوتکە. کەواتە چالاکی دڵ هەر بەرزە، بۆیە باشە خۆماندوو نەکرێت لەم ماوەیەدا (کە ئەویش کاتی قەیلولەیە).

هەردوو زانا (ئەلترگام)و (دۆیسن) سەلمانوویانە کە زۆرترین حاڵەتی دڵ وەستان لە نێوان کاتژمێر ١–٣ی پاش نیوەڕوو ٦–٩ی ئێوارە ڕوودەدات.. هاوکات لێکۆڵینەوەکانی (گلستۆن) ئەم ئەنجامانەی سەلماندووە، هەروەها (جۆی) ئەوەی خستەڕوو، لەکاتی ڕاهێناندا گۆڕانکاری لە هێڵکاری دڵی ئەو نەخۆشانەی تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکانی دڵیان هەیە ڕوودەدات، کە پێی دەڵێن (الذبحە الصدریە)، بە تایبەتی لە کاتژمێر ٨ی بەیانی و ١٢ی نیوەڕۆدا.

هەروەها (دیوار) دۆزیویەتیەوە، کە لێڕانی خوێن لە دڵ (جەڵتەی دڵ) زیاتر لە شەودا ڕوودەدات، بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان کاتژمێر ٤–٦ی ئێوارەدا.. هەروەها (سمۆڵنسکی) دۆزیویەتەوە، کە زۆرترین ڕێژەی داخڵبوون لە نەخۆشخانە بە هۆی جەڵتەی دڵەوە لە نزیك کاتژمێر ٨ی ئێوارەدایە.. هەروەها تێبینی کراوە لەو نەخۆشانەی، کە فشاری خوێنیان بەرزە ڕیتمی بایۆلۆجی نەگۆڕاوە بە نیسبەت خێرایی لێدانی دڵ و پلەی فشاری خوێن و هۆرمۆنەکانی کاتیکۆلامین (لەوانەش ئەدرینالین).

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:

١– ماکە ترسناکەکانی نەخۆشی دڵ دەکەوێتە کاتی پاش نیوەڕۆ.

٢– ڕژاندنی ئەدرینالین بەردەوام دەبێت تەنانەت لە کاتی نەخۆشیشدا (وەك بەرزبوونەوەی فشاری خوێن)، کە لوتکەی ڕژاندنەکەی –وەك باری ئاسایی– لە پاش نیوەڕۆدایە.

کەواتە ئاشکرایە ئەوانەی نەخۆشی دڵ و فشاری خوێنیان هەیە پێویستیان بە کاتێك هەیە لە ڕۆژدا بۆ پشوو و خاوبوونەوە، وەستان لە کارکردن لە پاش نیوەڕۆدا، تا ئەو فشارەی لە سەر دڵ هەیە کەم ببێتەوە.. لەم شێوەیەش ناگاتە ئەو هێڵە سوورەی کە ترس دەست پێدەکات، وەك لەو ئامارانەدا دەرکەوت کە ئاماژەمان پێکردن.

لە کاتی نوێژی خەوتنان و دوواتردا ئەم گۆڕانکارییانە ڕوودەدەن: بەرزبوونەوەی هۆرمۆنی میلاتۆنین.. چالاکبوونی کۆئەندامی دەماری پاراسیمپاتیکی، کەمبوونەوەی لێدانی دڵ و دابەزینی پلەی گەرمی لەش، حەز لە خەوکردن.. کەمبوونەوەی ڕژاندنی هۆرمۆنی کۆرتیزۆن، بەرزبوونەوەی بەرگری لەش.

بە پێی کاتژمێر، گۆڕانکارییە فەسلەجییەکانی لەش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بەم شێوەیە دەبێت:

- ١ی بەیانی: لە ئافرەتی دووگیاندا، لەم کاتەدا بەگشتی پرۆسەی منداڵبوون دەستپێدەکات.
- ٢ی بەیانی: لوتکەی بەرزبوونەوەی خڕۆکە سپییەکان جۆری Tی یارمەتیدەر (T-helper)ە، کە زۆر گرنگە بۆ بەرگریی لەش.
- ٤ی بەیانی: ئاستی هۆرمۆنی گەشەکردن ( Growth Hormone) لە لووتکەی بەرزیدایە.
- ٦ی بەیانی: هەناسەتەنگی زیاتر لەم کاتەدایە.، زۆرتر بێ نوێژی مانگانە ڕوودەدات.

هۆرمۆنی ئینسۆلین لە خوێندا لە نزمترین ئاستیدایە، فشاری خوێن و لێدانی دڵ دەست بە زیادبوون دەکات، ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆن بەرزدەبێتەوە.

-٧ی بەیانی: ئاستی هۆرمۆنی میلاتۆنین دەست دەکات بە دابەزین، ترسی جەڵتەی دڵ و مێشك لە بەرزترین ڕێژەدایە.

هەوکردنی جومگەکان (روماتیزم) خراپترین نیشانەکانی دەردەکەوێت.

خڕۆکەی سپی یارمەتیدەر لە نزمترین ئاستی دایە، هیمۆگلۆبین لە لووتکەدایە.

-٣ی پاش نیوەڕۆ: کۆنترۆڵی هێزو ڕێژەی هەناسەدان و هەستیاریی (الحساسیە) لە بەرزترین ئاستیدا دەبێت.

-٤ی پاش نیوەڕۆ: پلەی گەرمی لەش، ڕێژەی لێدانی دڵ، فشاری خوێن لە لوتکەدا دەبێت.

-٦ی ئێوارە: بەرزترین ڕێژەی میزکردن.

-٩ی شەو: نزمترین ئاستی ئازار.

-١١ی شەو: زۆرترین وەڵامی هەستاریی.

ژیانی شارستانی کاری کردووەتە سەر کاتژمێری بایۆلۆجی، وەك شیفتی کارکردن بەشەو، سەفەرکردن بۆ ماوەی دوور لەگەڵ جیاوازی زۆر لە کاتدا، شەونخوونی و نووستن بە ڕۆژ (بە پێچەوانەی سوورە سرووشتییەکەوە)، خۆماندووکردنی جەستەیی لە کاتی پاش نیوەڕواندا (کاتی بەرزبوونەوەی ئەدرینالین و فشاری خوێن).. ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی تێکدانی کاتژمێری بایۆلۆجی.. بۆ ئەوانەی بە شەو کاردەکەن دەبێت بزانن، کە کاتژمێر ٣ی بەیانی نزمترین ئاستی چالاکی جەستەیی و دەروونی و ژیرییە.

**سێهەم: ڕووی ئیعجاز لەم بابەتەدا**

لایەنی ئیعجاز لەم بابەتەدا لەوەدایە: ئەو ئایەتانەی لە سەرەتای باسەکەدا ئاماژەمان بۆ کردن، باس لە ریتمی بایۆلۆجی جەستە دەکەن.. لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

١.چالاکی لە ڕۆژدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە زوو بە ئاگابوون بۆ نوێژی بەیانی، چوونە دەرەوە بەرەو هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ڕۆزی، وەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی پێکراوە، کە لە کاتی لوتکەی ڕژاندنی هۆرمۆنەکانە بە هۆی کاتژمێری بایۆلۆجییەوە، لەم کاتەدا وزەی ناو لەش زۆرە و ئامادەیە.

٢. نووستنی نیوەڕۆ (قەیلولە)، وەك لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێ کراوە (..وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ.. النور:٥٨)، دەبێتە هۆی لابردنی ئەو گرژییەی، کە ڕوویداوە بە هۆی بەرزبوونەوەی هۆرمۆنەکانی ئەدرینالین و کۆرتیزۆن و تێستۆستێرۆنەوە ڕوویداوە.. لەش پێویستی بە پشوویەکی تەواو هەیە، پاشان بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەدرینالین (لە نێوان ٢-٤ی پاش نیوەڕۆ).

٣. نوێژی عەسر (حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ. البقرة:٢٣٨)، لەو کاتەدایە، کە ئەدرینالین بۆ جاری دووەم دەگاتە لوتکە، ئەو نوێژە گرنگە بۆ خاوبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە گرژی.

٤. ئارامیی شەو: کە تیایدا ئەو هۆرمۆنانە دەڕژێن، کە دەبنە هۆی



خاوبوونەوەی جەستە (میلاتۆنین)، ئەو هۆرمانانە کەم دەڕژێن کە چالاکی دەبەخشن (کۆرتیزۆن و ئەدرینالین)، کۆئەندامی دەماری پاراسیمپاتیکی زاڵ دەبێت، بەرگری لەش چالاك دەبێت و کاردەکات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شتانەی کە بە ڕۆژ لە ناوچوون، دەنگە دەنگ و تیشکی زۆر نییە تا کاربکاتە سەر کۆئەندامی دەمارو ببێتە هۆی هەڵچوونی دەروونیی.. بەڵکو هاندان بۆ دانانی بەشی کۆتایی شەو و پێش بەرەبەیان(الفجر) بۆ نوێژکردن، کە دەبێتە هۆی سافبوونی مێشك و خۆئامادەکردنی جەستە بۆ پێشوازیکردن لە ڕووناکی، تا سوورە بایۆلۆجییەکە لە کاتی خۆیدا دەستپێبکاتەوە.. هەروەها بە ئاگاهاتن لەم کاتە زووەدا دەبێتە هۆی دووربوون لە تووشبوون بە وەستانی دڵ و خوێن پژانی مێشك، کە لەم کاتانەدا ڕوودەدات، چونکە لەم کاتانەدا بەئاگایەو دەتوانێت دەرمانەکانی بخوات، لە کاتی ڕوودانی ماکی خراپدا بە خێرایی پزیشکی لێ ئاگادار بکات.. هەروەها ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت لەم کاتەدا (وەك لە فەرموودەکانی

پێغەمبەردا (صلی الله علیە وسلم) هاتووە)، جۆرە وەرزشێکە دەبێتە هۆی دابەزینی فشاری خوێن، کەمبوونەوەی ئەگەری دڵوەستان.

کاتەکانی نوێژو پەیوەندییان بە چالاکیی فسیۆلۆجی لەشەوە:

١- موسڵمان بەیانیان بە ئاگادێت تا نوێژی بەیانی بکات.. سێ گۆڕانکاری گرنگ چاوەڕێیەتی:

أ- ئامادەیی بۆ پێشوازی ڕووناکی لەکاتی خۆیدا، کە دەبێتە هۆی دابەزینی چالاکی گلاندی کاژی، کەمبوونی میلاتۆنین، چالاکبوونی ئەو کردارانەی کە پەیوەندی هەیە بە ڕووناکییەوە.



ب- کۆتایی هاتنی کاریگەریی کۆئەندامی دەماری پاراسیمپاتیکی، کە ئارامکەرەوەیە لەشەوداوەدەستپێکردنی کاری کۆئەندامی دەماری سیمپاتیکی چالاککەر لە ڕۆژدا.

ج- ئامادەیی بۆ بەکارهێنانی ئەو وزەیەی، کە بەرزبوونەوەی کۆرتیزۆن لە بەیانیاندا دەستەبەری دەکات.. ئەم بەرزبوونەوەی وزەیە کارێکی خۆییە، پەیوەندیی بە بەرزبوونەوە لەناو جێگاو ڕێکبوونەوە نییە.. هەروەها هەر دوو هۆرمۆنی سیرۆتۆنین و ئەندرفین لە خوێندا زیاد دەکات.

٢. لە کاتی نوێژی نیوەڕۆشدا، موسڵمان سێ گۆڕانکاری چاوەڕێیەتی:

أ. بەنوێژکردنی نیوەڕۆ خۆی هێوردەکاتەوە، کە کاریگەربووە بە بەرزبوونەوەی یەکەمی هۆرمۆنی ئەدریالینەوە لە کۆتایی بەیانیدا.

ب. لە لایەنی سێکسیشەوە ئارامدەبێت، چونکە هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن (هۆرمۆنی سێکسی) دەگاتە لوتکە لە نیوەڕۆدا.

ج. لە کاتێکدا کە خواردنێکی باش نەخورابێت، کاتژمێری بایۆلۆجی هەڵدەستێت بە داوا کردن لە جەستەکە بە زیاد کردنی دابینکردنی وزە لە خودی جەستەوە.. بەوەش نوێژەکە دەبێتە هۆی هێوربوونەوەی ئەو گرژییەی بە هۆی برسێتییەوە ڕوو دەدات.

٣- نوێژی عەسر: کە جەختی لەسەر کراوە لەکاتی خۆیدا بکرێت، چونکە کاتەکەی پەیوەندی هەیە بە لوتکەی دووەمی ڕژاندنی ئەدرینالینەوە هەیە، کە زۆربەی ماکە خراپەکانی نەخۆشییەکانی دڵ لە دوای ئەم کاتەوەیە..

شایەنی باسیشە زۆربەی ئەو ماکە خراپانەی، کە لە منداڵی تازە لەدایک بوودا دەردەکەوێت لەم کاتەدایە (نێوان ٢-٤ی عەسر)، زۆرترین کاتی مردنی منداڵانی تازە لەدایک بوو لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆدایە.. بە هەمان شێوە لەوانەشدا کە تەندروستن، جەستەیان لەم کاتەدا بە ناخۆشترین کاتدا تێدەپەڕێت، کە تیایدا جۆرە پێپتاید (پرۆتین)ێکی تایبەت دەڕژێنرێت و دەبێتە حاڵەتی کەمی تەرکیزو حەزکردن لە خەو، کە جاری وا بووە بووەتە هۆی ڕووداوی دڵ تەزێن.. دەبینین کە نوێژی عەسر مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە هەموو کارێکو ماوەیەکە بۆ خۆپاراستن لەو گرفتانە.

٤. نوێژی شێوان: کەکاتی گۆڕینی ڕووناکییە بۆ تاریکی، و پێچەوانەی ئەوەیە، کە لە بەیانیدا ڕوودەدات.. میلاتۆنین زیاد دەڕێژرێت بە هۆی هاتنی تاریکییەوە.. هەست بە خەواڵوویی و بێتاقەتی دەکات.. لە بەرامبەریشدا سیرۆتۆنین و کۆرتیزۆن و ئەندرۆفین دادەبەزن.

٥. نوێژی خەوتنان: کاتی گواستنەوەیە لە چالاکییەوە بەرەو پشوودان، بە پێچەوانەی نوێژی بەیانییەوە، کاتی گۆڕینی زاڵبوونی کۆئەندامی سیمپاتیکە بۆ پاراسیمپاتیک.. لەوەش دەچێت، کە ئەمە نهێنی ئەوە دەربخات کە سوننەتە نوێژی خەوتنان دووا بخرێت بۆ پێش نووستن بە ماوەیەك، بۆ تەواوبوونی هەموو کارەکان و نووستن بەدوایدا.. لەم کاتەشدا پلەی گەرمی لەش دادەبەزێت و لێدانی دڵ کەمدەکات.

شایەنی باسە هاوکاتیی کاتەکانی پێنج نوێژە فەرزەکە لەگەڵ گۆڕانکارییە بایۆلۆجیە گرنگەکانی لەشدا، گرنگی ئەم نوێژانە دەردەخات لەگەڵ بەردەوامی ڕۆژگاردا.. پێشبینیش دەکرێت، کە هەر کام لەم نوێژانە خۆی لە خۆیدا ئیشارەتێك بێت بۆ دەستپێکردنی پرۆسەیەکی تایبەت.. چونکە جێگیربوون لەسەر سیستمێکی ڕۆژانە، کە چەند ویستگەیەکی چەسپیوی تێدابێت - وەك چۆن لە نوێژەکاندا ڕوودەدات- لەگەڵ بوونی دەنگێکی

کاریگەر –وەك دەنگی بانگ– وا لەجەستە دەكات، كە بە شێوازێكی ڕێكچنراوی بجووڵێتەوە لەگەڵ ژینگەی دەرەكیدا.

بەمەگونجانێكی تەواوەتیمان دەستدەكەوێت، لە نێوان كاتە بایۆلۆجیەكانی ناو لەش و كاریگەرە دەرەكیەكانی وەك سووڕی ڕووناكی و تاریكی، كاتە شەرعییەكان، بە كردنی نوێژە فەرزەكان لە كاتی خۆیاندا.

**بەرنامەی پێغەمبەر ( صلى الله علیه وسلم ) لە نووستن و بە ئاگابووندا:**

أ– كاتەكانی نووستن یەكسەر دوای نوێژی خەوتنان، زوو بە ئاگابوون بۆ شەو نوێژ، پاشان نوێژی بەیانی" هەموویان هاوكاتن لەگەڵ ڕیتمی كاتژمێری بایۆلۆجیدا، كە بەرپرسیارە لە ڕێكخستنی كارەكانی كۆئەندامەكانی ناو لەش.

ب– زوو بە ئاگاهاتن بۆ نوێژی بەیانی، هاوكاتە لەگەڵ دوور كەوتنەوە لە بەرزبوونەوەی كتوپڕی فشاری خوێن، وەستانی كتوپڕیی دڵ، خوێن بەربوونی مێشك.. هەروەها ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت لەم كاتەدا جۆرێكە لە وەرزش، كە دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، باشبوونی باری چەورییەكانی ناو خوێن، نەمانی گرژیی دەمارەكان، كە ڕۆڵیان هەیە لە ڕوودانی گرفتەكانی دڵ و مێشكدا.

ج– كوژاندنەوەی چراكان هاوكاتن لەگەڵ چوونە ناو كاتی نووستن، چونكە ڕووناكی هۆكارێكی دەرەكی بەهێزە، سووڕی كاتژمێرە بایۆلۆجیەكە دەگۆڕێت، ناڕێكی دەكات.. هەروەها قەدەغەدەكردنی شەرع لە شەو لەدەرگادان، فەرمانكردن بە دووركەوتنەوە لە دەنگە دەنگ.

د– ئاڕاستەكردنی موسڵمان بۆ بڕینی نوێژكردن، ئەگەر هەستی خەوهاتن كرد.. واتە ولأمدانەوەو ڕێككەوتن لەگەڵ كاتژمێری بایۆلۆجیدا، هەروەها شەكەت نەكردنی جەستە زیاتر لە توانای خۆی لەڕێگەی شەونەنووستن وشەونخونییەوە، ئەگەر ئەم ئاراستەكردنە لە فەرزێكی وەك نوێژدا پێویست بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆ شتی دیكە زیاتر پێویستە ئەم ڕێنموویییە جێبەجێبكرێت.

ه– درێژەنەدان بە نووستن، شەو هەڵسان بۆ نوێژ لە سێیەكی دوایی شەودا" هاوتان لەگەڵ توێژینەوە نوێكاندا، كە سەلماندوویانە ئەم شێوازە باشترین شێوازە بۆ تێكنەچوونی كاتی سووڕی خەو، زۆر خەوتن دەبێتە هۆی درێژە پێدانی كاتی تاریكی، كە دەبێتە هۆی تێكدانی كاتژمێری بایۆلۆجی.. كەواتە دروستبوونی خولێكی بایۆلۆجی ناڕێك، كە كاردەكاتە سەر هەموو كارەكانی لەش، بەڵگەش بۆ ئەمە حاڵەتی تێكچوونی خەوو شڵەژانی دەروونییە .

و– ڕێگریكردن لە درێژە پێدانی كاتەكانی عیبادەت و نەنووستن.. ڕێگەی ڕاست لەوەدایە، كە شوێن یاسا گەردوونییەكە بكەوین، واتە مافی جەستە بدرێت، سەركوتكردنی دەروونی نەكرێت، ژنهێنانی شەرعی ئەنجام بدرێت بۆ بەتاڵكردنەوەی وزە سێكسیەكان.. ئەمانە هاوكاتن لەگەڵ ڕیتمی بایۆلۆجی خۆرسكی مرۆڤدا.

لە كۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، كە قورئان و سوننەت دەستپێشخەریان كردووە لە ئاماژەكردن بەم ڕاستییە زانستییانەی جەستە دەپارێزن وا كارەكانی والێدەكەن،كە لەگەڵ گەردوون و یاساكانیدا هاوتابن.. پاك و بێگەردیی بۆ ئەو خوایەی كە پێش چواردە سەدە ئەم ڕێكخستنە سەرسوڕهێنەری بۆ موحەممەد (صلى الله علیه وسلم) وەحیكردووە.

**سەرچاوەكانی نووسەر:**

١. القرآن الكريم.
٢. فتح الباري– شرح صحيح البخاري – دار الريان للتراث–الطبعة الثالثة ١٤٠٧
٣.صحيح مسلم – الموسوعة الإلكترونية للحديث
٤. مسند الإمام احمد
٥. روح المعاني فی تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني –الألوسي(ابوالفضل شهاب الدين السيد محمود). دار الفكر.بيروت١٤١٤–١٩٩٤م
٦. الإستشفاء بالصلاة –د. زهير رابح قرامي–هيئة الإعجاز العلمي فی القرآن والسنة – رابطة العالم الإسلامي١٤١٧ هـ –الطبعة الأولى
٧. الإعجاز العلمي – العدد السادس– محرم١٤٢١– الساعة البيولوجية.
8. Arther C.Guyton-Textbook of Medical Physiology-7th edition Sanders.
9. William Textbook of Endocrinology.Sunders 1985-7th edition
10.Ricki Lewis- A Survey Of Clock Genes- The Scientist, Vol:9, #24, pg.14 , December 11/1995.
11.Karima Burns, MH, ND- Studies Show Fajr Prayer is Healthy
12. Martin Moore-Ede, M.D., Ph.D. Circadian Rhythms and Your Biological Clock. 12/2002.
13. Louis J. Ptacek, M.D( ).: First Human Circadian Rhythm Gene Identified- journal Science January 12, 2001.
14. Michael W. Young, ( Rockefeller University in New York, and director of the NSF Science and Technology Center for Biological Timing at Rockefeller): "Light Sets the Molecular Controls of Circadian Rhythm". In the Lab Issue: Oct, 1998.
15. Mark Caldwell The clock in the cell.(biologists believe they have found the mechanism that regulates a cell's cyclical responses)(Brief Article) In the Lab Issue: Oct, 1998 .
16 .Joseph Takhashi, an HHMI investigator at Northwestern University. Molecular and Genetic Analysis of the Mammalian Circadian Clock System. In the Lab April 19, 2002.
17 .Michael Rosbash, Ph.D.Investigator,Brandeis University Molecular Genetics of RNA Processing and Behavior. In the Lab September 24, 2002.
18.Moore RY.Circadian rhythms: basic neurobiology and clinical applications.Annu Rev Med. 1997;48:253-66.
19.van Esseveldt KE, Lehman MN, Boer GJ.The suprachiasmatic nucleus and the circadian time-keeping system revisited.Brain Res Brain Res Rev. 2000 Aug;33(1):3

# لەچالاكییەكانی ( ناوەندی كوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا )

## سیمیناری ناوەند بەهاوكاری لەگەڵ پەیمانگای جیهانی فیكری ئیسلامی لە هۆڵی بنار بۆ بەڕێزان:
## - د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
## - مامۆستا شەماڵ موفتی
## كە لەلایەن بەڕێز د. دارا گوڵ حامد بەڕێوەچوو.





**تەوەری یەكەم:** بنەمادۆزی ئیعجازی زانستی لە قوئان و سوننەتدا (تأصيل الإعجاز العلمي في القرآن والسنة)، لەلایەن بەڕێز (د.دیاری أحمد إسماعیل) پێشكەش كرا، لەبەر گرنگی بابەتەكەی بەپێویستی دەزانین لەداهاتوودا لە ناملیكەیەكدا وتارەكەی بڵاوبكەینەوە

## تەوەری دووەم: (ژینگە لەدیدێكی ئیمانییەوە)
## مامۆستا شەماڵ موفتی

### بسم الله الرحمن الرحيم

ژینگە لەدوو تەوەری سەرەكیی دەدوێت : (سروشت و ژینگەی دەستكرد)

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەكەوە، بە پێویستی دەزانم بەم زاراوانەی خوارەوە ئاشنابین:

- ژینگەی شارستانی: Environment

بۆ یەكەمین جار لە مێژودا لەساڵی ١٨٣٥دا، زانای ڕوەكی فەرەنسی سانت هێلییر (ST-Helier) بەكاریهێنا و لە نیوەی سەدەی بیستەوە وەك زاراوەیەك بەكاردەهێنرێت، كە لە كاریگەریی چالاكییە ( پیشەسازی و كشتوكاڵی و خزمەتگوزاری )یەكانی مرۆڤ لەسەر سەرچاوە سروشتییەكان و جۆری ژیان و گەشەپێدان و دەستكردەكانی مرۆڤ، دەدوێت.

- ئیكۆلۆجی : Ecology

لە ساڵی ١٨٦٨ دا وەك وشەیەك بەكارهات بۆ یەكەمین جار لە لایەن Ernsh Heachel، كە زانایەكی ئەڵمانی بو و لە سەدەی بیستەمدا بوو بە زاراوەیەكی زانستی، كە وتای زانستی ژینگە دەدات و لە سروشت و هەموو ئەو پەیوەندییانەی نێوان زیندەوەران و دەوروبەریان دەدوێت .

- سەرچاوە سروشتییەكان: Natural Resources

*سروشت تەنها سەرچاوەیە بۆ :

- خۆراك و جلو بەرگ و كەلو پەل و هەمو پێداویستییەكی تری مرۆڤ.

- ئەو ڕووبەرە زەوییەی بەروبوومی خۆراك بۆ هەموو مرۆڤایەتی دابیندەكات، و كەوتووەتە نێوان ١٩٢ وڵاتەوەو بە ٩ بلیۆن هێكتار مەزەندە دەكرێت.

- ئەو ڕووبەرەی خۆراكی ئاویی بۆ هەموو مرۆڤایەتی دابیندەكات، ( قەراغی كیشوەرەكان و ئاوی سەر وشكانییەكان ) بە ٢,٢ بلیۆن هێكتار مەزەندە دەكرێت.

- واتا دانیشتوانی سەر زەوی بۆ هەموو پێداویستییەكانی ژیانیان پشت بەم ١١,٢ بلیۆن هێكتارە دەبەستن، ئەمەش دەیسەلمێنێت، كە سەرچاوەیەكی سنوردارە

* کاتێك ژمارەی دانیشتوان زیاددەبێت و ئابووری فراواندەبێت سەچاوە سروشتییەکان دەکەونە مەترسییەوە و نرخی خۆراك بەرز دەبێتەوە و باجەکەی لەسەر هەژاران قورسدەبێت.

جۆری پەیوەندییەکانی نێوان زیندەوەران

* ئاڵوگۆڕکردنی سوود Mutualism

لەم جۆرە پەیوەندییانە هەردوو جۆری زیندەوەر ( تاك یان کۆمەڵ ) سوود لەیەکتر وەردەگرن



نموونەیەکی دیکە:

تیمساح هەوڵدەدات ئەو باڵندانەی نزیکی دەبنەوە بیانخوات, بەڵام جۆرە باڵندەیەك کە ناسراوە بە باڵندەی ( دیککۆپی ئاوی ) زۆر بە دڵنیاییەوە لە تیمساح نزیکدەبێتەو هیچ زیانی پێناگات، بەڵکو هێلکەکانیشی نزیك بە هێلکەکانی تیمساح دادەنێت!!



بۆ چی ؟

چونکه جۆره مێروویەك لە درزەکانی پێستی تیمساحدا نیشتەجێدەبێتو نارەحەتی دەکات , بەڵام دیککۆپ ئەو مێروانە دەخوات و ناڕەحەتی تیمساح ناهێڵێت.

• Commensalism

لەم پەیوەندییەدا جۆرە زیندەوەرێك ( زیندەوەرانێك ) سوودمەند دەبن و جۆرێکیش سودمەند نابن، بەڵام زیانیشیان پێناگات.وەك لەم وێنەیەدا :

ئەو ماسییە وردانە ناوێرن بەتەنیا کۆچبکەن، بەڵام لە ڕکێفی ئەو نەهەنگەدا کۆچدەکەن و سوودمەند دەبن لە نەهەنگەکە و نەهەنگەکەش هیچ زیانی پێناگات.



خوای گەورە ئەم جۆرە پەیوەندییەمان پیشاندەدات، کە وانەیەکی لێوەربگرین.

<u>پرسیارێك</u>: بۆچی مرۆڤ چاکەی بێبەرامبەر ناکات ؟ واتا ( کۆمێنسالزم ), بۆ ئاساییە لای ئاژەڵ و لای هەندێك مرۆڤ نائاساییە؟

• پەیوەندیی Parasitismو Predation

لەم جۆرە پەیوەندییەدا لایەنیك لە سەر حیسابی زیانی لایەنەکەی تر سوودمەند دەبێ



نموونەی تر ( هەموو جۆرە پەلامارێك و لەناوبردنی نێچیر )

بۆچـی زۆرینـەی مـرۆڤ لـە چوارچـێوەی ئـەم پەیوەندییـەدا مامەڵـە دەکەن؟

- سیستەمی خێزان

ئەمەش چوارچێوەیەکی ژیانە، کە زۆرینەی زیندەوەران ژیانیانی تێدا بەسەردەبەن.

خوای گەورە دەفەرموێت:

( و ما من دابة في الارض و لا طائر يطير بجناحيه الا أمم أمثالكم )

(واتە هەموو زیندەوەرانی سەر زەوی و باڵندە وەك ئێوە میللەتن)





سەرچاوە سروشتییەکان

- وشکانی ( خاك ) / سەرچاوەی خۆراك و هەموو کەل وپەلێك
- ئاو
- هەوا
- جۆرە دەشتەکییەکان ( ڕوەك و ئاژەڵ )

**خاك**

وەك باسمانکرد، کە نزیکەی ٩ بلیۆن هێکتار لە خاك سەرچاوەی هـەموو بـەروبومێکی خـۆراك و پێداویسـتییەکانی مرۆڤایەتییـە, با

تەماشای ئەم نەخشەیەی خوارەوە بکەین، کە بەروبومی دانەوێڵەی جیهانە

World Grain Production and Consumption, 1960-2003

| Year | Production | Consumption | Surplus or Deficit |
|---|---|---|---|
| | Million Tons | | |
| 1960 | 824 | 815 | 8 |
| 1961 | 800 | 817 | -17 |
| 1962 | 851 | 838 | 13 |
| 1963 | 858 | 852 | 6 |
| 1964 | 906 | 896 | 10 |
| 1965 | 905 | 932 | -27 |
| 1966 | 989 | 957 | 32 |
| 1967 | 1,014 | 988 | 27 |
| 1968 | 1,053 | 1,020 | 32 |
| 1969 | 1,063 | 1,069 | -6 |
| 1970 | 1,079 | 1,108 | -29 |
| 1971 | 1,177 | 1,150 | 27 |
| 1972 | 1,141 | 1,174 | -33 |
| 1973 | 1,253 | 1,230 | 23 |
| 1974 | 1,204 | 1,191 | 13 |
| 1975 | 1,237 | 1,212 | 25 |
| 1976 | 1,342 | 1,273 | 69 |
| 1977 | 1,319 | 1,320 | 0 |
| 1978 | 1,445 | 1,380 | 65 |
| 1979 | 1,411 | 1,416 | -6 |
| 1980 | 1,430 | 1,440 | -10 |
| 1981 | 1,482 | 1,458 | 24 |
| 1982 | 1,533 | 1,475 | 58 |
| 1983 | 1,469 | 1,501 | -31 |
| 1984 | 1,632 | 1,549 | 83 |
| 1985 | 1,647 | 1,553 | 94 |
| 1986 | 1,665 | 1,602 | 63 |
| 1987 | 1,598 | 1,640 | -42 |
| 1988 | 1,550 | 1,620 | -70 |
| 1989 | 1,672 | 1,677 | -4 |
| 1990 | 1,768 | 1,705 | 63 |
| 1991 | 1,707 | 1,712 | -5 |
| 1992 | 1,788 | 1,740 | 47 |
| 1993 | 1,712 | 1,742 | -29 |
| 1994 | 1,758 | 1,768 | -9 |
| 1995 | 1,711 | 1,748 | -36 |
| 1996 | 1,871 | 1,815 | 56 |
| 1997 | 1,880 | 1,827 | 53 |
| 1998 | 1,874 | 1,836 | 38 |
| 1999 | 1,871 | 1,855 | 17 |
| 2000 | 1,839 | 1,856 | -16 |
| 2001 | 1,872 | 1,897 | -26 |
| 2002 | 1,815 | 1,905 | -90 |
| 2003 | 1,821 | 1,914 | -92 |

Source: U.S. Department of Agriculture, **Production, Supply & Distribution**, Electronic Database, updated 14 November 2003.

لەم نەخشـەیەدا دەردەکـەوێت، کە لـە سـاڵی ١٩٦٠دا بـەروبومی دانەوێڵە لە جیهاندا ٨٢٤ ملیۆن تەن بووە, ٨١٥ ملیـۆنی لـە ساڵەدا سەرفبووە و ٨ ملیۆنی ماوەتـەوە , بەڵام لـە سـاڵی ئایـندەدا واتا دا ١٩٦١ بڕی نوقسانیی ١٧ ملیۆن تەن بووە .

لە لایەکی دیکەوە بەروبومی دانەوێلە ساڵ بە ساڵ زیـادیکردووە, بـۆ نمونـە لـە ١٩٧٨دا بـووە بـە بلیۆنیـك و ٤٤٥ ملیـۆن تـەن و ٦٥ ملیـۆن تـەنی زیـاد ماوەتـەوە کەچـی لـە ٢٠٠٣ دا هەرچـەندە بەروبومەکـە زیـادبووە و گەیشـتووەتە بلیۆنێك و ٨٢١ ملیـۆن تـەن، کەچی لەو ساڵەدا ٩٢ ملیۆن تەن نوقسانی هەبووە، ( نەخشەی ٢)، لەبەر ئەوەی دانیشتوان ساڵی ٩٠ تا ١٠٠ ملیۆن زیا دەکەن )

کیٚ لە بڕی بەروبومی دانەوێڵەی جیهانی بەرپرسە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە و بـەردەوامبونی باسـەکە دەخـەینـە ژمـارەی داهاتوو.



# پاراستنی دەستنووسەکانی قورئانی پیرۆز

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی لەگەڵ دەستنووسەکانی گەلانی خاوەن کتێب

وێنەیەك لە موصحەفە دەستنووسەکانی عوسمانی کوڕی عەففان لە قاهیرە

و: نەرمین عومەر

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ ١٩: سورة الحجر، وقال تعالى: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا﴾ ٨٢: سورة النساء.

ڕەنگە یەکێك لە گرنگترین ڕووەکانی ئیعجازی قورئانی پیرۆز پاراستنی لە تەحریفکردن(گۆڕینی واتاو مەبەستە قورئانییەکان) بێت، هەروەها ڕەنگە یەکێك لە ڕووەکانی پاراستنی لەتەحریفکردن پاراستنی ئەو دەستنووسانەی بێت، کە ئێستا لە مۆزەخانە ڕۆژئاوایی و عەرەبییەکاندا لە بارێکی زۆر باشدان، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ١٤٣١ ساڵ بەسەرنووسینی ئەم دەستنووسانەدا تێپەڕبووە، کە زۆربەیان بۆ سەدەی یەکەمی کۆچیی دەگەڕێنەوەو هەندێکیشیان بۆ ساڵانی یەکەمی وەفدەکان دەگەڕێنەوە، بە پێنووسی نووسەرانی سروش (الوحی)، نموونەی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب و زەیدی کوڕی سابت (ڕەزای خوایان لێبێت)..

### قۆناغەکانی نووسینەوەی قورئانی پیرۆز

### سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زۆر بەتەنگ ئەوەوەبوو، کە خوای گەورە ئەوەی لە قورئان بۆی ڕەوانەدەکات تۆماربکرێت، تەنانەت لە سەرەتادا نەهیکرد لە نووسینەوەو تۆمارکردنی هەرشتێك جگە لە قورئانی پیرۆز، بەجۆرێك لە فەرموودەیەکەوە،کە ئەبی سەعدی خدری گێراویەتییەوە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ( لا تكتبوا عني شيئا سوى القرآن، فمن كتب عني غير القرآن فليمحه). (هیچ شتێك لە منەوە مەنووسنەوە جگە لە قورئان، هەر یەکێکتان شتێکی لەمنەوە وەرگرت جگە لە قورئان با بیسڕێتەوەو نەیهێڵێت).

نووسەرەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ژمارەیان گەشتە چل و سێ نووسەر، هەندێکیان تەنها خۆی بۆ نووسینەوەی وەحی تەرخانکردبوو، لە بەناوبانگترینیان ( عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبی تاڵب، زەیدی کوڕی سابت، ئەبی بن کەعب، عەبدوڵای کوڕی سەعد و حەنزەڵەی کوڕی ڕەبیع) بوون.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گرنگیی بە تۆمارکردنی دەقە قورئانییەکان دەدا، هەر لەو کاتەوە، کە هاتنەخوارەوەی قورئان لە مەککە دەستیپێکرد. لە چیرۆکی ئیسلامبوونی عومەری کوڕی خەتابدا (خوای لێڕازی بێت) هاتووە، سورەتی (طه) لە پەڕەیەکدا نووسرابووەوە لە ماڵی فاتمەی کچی خەتاب، خوشکی عومەر بوو، خەبابی کوڕی ئەلئەرت، قورئانی لەو پەڕەیەدا بۆ فاتمەو مێردەکەی دەخوێندەوە، ئەو پەڕەیەی سورەتی (طه)ی لەسەربوو یەکێك بوو لەو پەڕە زۆرانەی، کە لە نێوان ئەوانەی لە مەککە موسڵمان بوون دەستاودەستی دەکرد. سورەتی دیکەش لە قورئان تۆمارکرابوون.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە، کەسێك چوو بۆ لای زەیدی کوڕی سابت، پێی وت هەندێك فەرموودەی پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) بۆ باسبکە، ئەویش وتی: چیتان بۆ باسبکەم؟ من دراوسێی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بووم، کاتێك وەحی بۆ دادەبەزی، دەینارد بەدوای مندا و منیش وەحیەکەم دەنووسییەوە...)

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کاتێك وەحی بۆبهاتایە بەو کەسەی لەو کاتەدا لای بوو دەیفەرموو، زەیدم بۆ بانگبکەن، با لەوح و شووشە مرەکەبەکە بهێنێت، پاشان پێی دەفەرموو بنووسە..... بەوجۆرە ئایاتەکانی پێ دەنووسییەوە.

ئەوەی پێویستە تێبینی بکەین، ئەوەیە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەسەر ئەو قورئانەدا دەچووەوە، کە هاوەڵان دەیانووسیەوە، زەیدی کوڕی سابت،دەڵێت : لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەحیم دەنووسییەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)پێی دەنووسیمەوە، کاتێکیش تەواو دەبووم، پێی دەفەرمووم: بیخوێنەرەوە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدابووایە، ڕاستی دەکردەوە).

زانایان ئەوەیان دیاریکردووە، (کە قورئان هەمووی لەسەردەمی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)خۆیدا لە پەڕەو لەوحی تەختەدا نووسراوەتەوە، بەڵام هەمووی لەیەک شوێندا کۆنەکرابووەوەو سورەتەکان ڕێکنەخرابوون) .( لطائف الإشارات لفنون القراءات . القسطلاني – شهاب الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر)

ئەگەر ئەم هەموو هەواڵانە بەڵگەبن، ئەوا یەکەم بەڵگە ئەوەیە، کە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئامانجی نووسینەوەی هەموو قورئان بووە، بەمەش لە ونبون یان لەدەستدانی هەر بەشێك لێی دەیپارێزێت. بەو شێوەیەش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کۆکردنەوەو نووسینەوەی قورئانی کردە سوننەتێك. فەرمانی بەوەداوەو بە نووسەرەوەکانی نووسیووەتەوە. هەروەها پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی نەکرد، هەتا سەرجەم قورئانی بە کۆمەڵێك لە هاوەڵان لەبەرکرد. ئەوانی دیکەش لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) هەندێك بەش لە قورئانیان لەبەردەکرد یان فێری دەبوون و شوێن و جێگەیان دەزانی و بەجۆرێك، کە لەو ڕۆژگارەدا دەزانرا کێ لەوانە نییە، کە هەموو قورئانی لەبەرە) ).(لطائف الإشارات لفنون القراءات . القسطلاني – شهاب الدين أحمد بن محمد بن أبي بكر).

## کۆکردنەوەی قورئان لە موصحەفی ئیمامدا
## لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکردا

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و کوژرانی زۆرێك لەوانەی قورئانیان لەبەربوو، ئەمەش لەکاتی دامرکاندنەوەی ئەو فیتنانەی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر سەریانهەڵدا، بەتایبەت جەنگی یەمامە. عومەری کوڕی خەتاب لەوە ترسا، کە بە کوژرانی ئەوانەی قورئانیان لەبەرە ئیتر قورئان لەدەستبچێت، بۆیە داوای لە ئەبوبەکر کرد، کە قورئان لەیەك موصحەفدا کۆبکاتەوە، ئەبوبەکریش فەرمانی بە زەیدی کوڕی سابت کرد، کە قورئان لە موصحەفی ئیمامدا کۆبکاتەوە، ئەمەش لەژێرچاودێریی و سەرپەرشتیی خۆیدا و بە ئامادەبوونی لیژنەیەك لە هاوەڵان ئەنجامدرا.

## لەبەرگرتنەوەی موصحەفەکان
## لەلایەن حەزرەتی عوسمانەوە

لەئەنەسی کوڕی مالکەوە،دەڵێت: حزیفەی کوڕی یەمام چووە لای حەزرەتی عوسمان، لەکاتێکدا غەزای خەڵکی شامی دەکرد لە فەتحی ئەرمینییە و ئەزەربیجان لەگەڵ خەڵکی عێراق، حزیفە زۆر ترسا لە جیاوازیی ئەو گەلانە لە خوێندنەوەدا، بۆیە حزیفە بە عوسمانی وت ئەی پێشەوای موسڵمانان فریای ئەو ئومەتە بکەوە پێش ئەوەی جیاوازییان تێبکەوێت لە کتێبەکەیاندا وەك ئەو جیاوازییەی یەهودو نەسارەکان، بۆیە عوسمان هەواڵی نارد بۆ حەفصە پێی فەرموو (ئەو موصحەفەمان بۆ بنێرە، بۆئەوەی چەند موصحەفێکی تری لەبەربگرینەوە، ئەوکاتە دەینێرینەوەبۆت) ئەنجا حەفصە ئەو موصحەفەی بۆ عوسمان نارد. ئەویش فەرمانی بە (زەید و عەبدوڵای کوڕی زوبێرو سەعیدی کوڕی عاص و عەبدالرەحمانی کوڕی حارس )دا ، ئەوانیش چەند موصحەفێکیان لەبەرگرتەوە. عوسمان بە هەرسێ کۆمەڵەکەی قورەیشی فەرموو( ئەگەر لە شتێکی قورئان جیاوازیی کەوتە نێوانتانەوە، ئەوا بە زمانی قورەیش بینووسن، چونکە قورئان بە زمانی ئەوان دابەزیوە)، ئەمەیان جێبەجێکرد، دوای ئەوەی لەبەر موصحەفەکەدا چەند موصحەفێکی تریان گرتەوە، عوسمان موصحەفەکەی بۆ حفصە ناردەوە، پاشان بۆ هەموو شوێنەکان موصحەفێکی لەوانە نارد، فەرمانی کرد بە سووتاندنی هەر پەڕەیەك یان موصحەفێك جگە لەوانەی لە موصحەفەکەی حەفصەوە لەبەرگیرابوونەوە.

تائێستاش هەزاران دەستنووسی ئەو موصحەفانە، کە زۆربەیان بۆ سەدەکانی یەکەمی کۆچی دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە ئەو موصحەفەی بە دەستی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب نووسراوەتەوە( لەگەڵ کۆمەڵێك لە دەستنووسەکانی شاری سەنعا،کەلەپێشانگای هەمیشەیی مەصحەفەکان لە سەنعا لە خانەی دەستنووسەکاندان ) لە مۆزەخانە جیهانییەکانی تورکیا، قاهیرە، سەنعا، پاریس، لەندەن ....هتد دابەشبوون. هەموویان لە باری زۆر باشدان وەك بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، مەحاڵە قورئان تەحریفبکرێت، ئێستاش هەر وەك ئەو کاتە وایە، کە پێش ١٤٣١ ساڵ بۆ پێغەمبەرمان(صلی الله علیه وسلم ) هاتەخوارەوە.

## نموونەی ڕاستیی لەسەر مانەوەی دەستنووسە قورئانییەکان

### * دەستنووسەکانی موصحەفی سەنعا

گرنگترین شتێك،کە لەم سەردەمی نوێدا دۆزرایەوە، ئەو موصحەفە کۆنانە بوو،کە ( ٤٠,٠٠٠ رق- پەڕە)ژمارەی پەڕەکانی ئەو موصحەفە پیرۆزانەن، لە سەقفی مزگەوتی گەورەی سەنعادا لە ساڵی ١٣٨٥ی کۆچی بەرامبەر ١٩٦٥ زایینی دۆزرانەوە، ئەم موصحەفانە بۆ سەدەی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆچی دەگەڕێنەوە، لەبەر دێرینی و زۆریی ئەم موصحەفانە، بە گرنگترین موصحەف لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن.

ئەم موصحەفانە لەلایەن لیژنەیەکی ئەڵمانییەوە لە زانکۆی هامبۆرگ لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، هەروەها مامۆستا غەسان حەمدون پسپۆر لە دەستنووس و خوێندنەوە قورئانییەکاندا، هەڵسا بە لێکۆڵینەوەلە دەسستنووسەکان و لەچەند کتێبێکدا پۆلێنی کردن، لەوانە کتێبی ( المخطوطات القرآنية في صنعاء من القرن الأول والثاني الهجريين وحفظ القرآن الكريم ).

هەروەها پێگەی یونسکۆ هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی دەستنووسە قورئانییەکانی سەنعا.

ئەمەش هەندێك وێنەی ئەو دەستنووسانەن



سورەتی المرسلات (٥-٢٧)
بۆ ماوەی نێوان سەدەی دووهەم و سێهەمی کۆچی دەگەڕێتەوە



سورەتی الاسراء له ئایەتی ٢٠ بۆ ٢٢

## دەستنووسەکانی موصحەفی عوسمانی کوڕی عەفان
## (مۆزەخانەی توب قابی سرای له ئەستەمبول)

ئەم موصحەفە بە وێنە ڕەسەنەکەی( النسخه الاصليه) لە مۆزەخانەی توب قابی سرای لە ئەستەمبول پارێزراوە، ناوبانگی بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. بەپێی بەدواداچوونی بڕواپێکراوی ئەم موصحەفە، ئەوە دەرکەوت، کە لەناو کتێبە دەروونییەکانی قاهیرەدا پارێزرابوو، پاشان والی میسر (محەمەد عەلی پاشا) پێشکەشی کرد بە سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی لە ساڵی ١٢٢٦ کۆچی – ١٨١١ زاینی، ئەم وێنە ناوازەیە لەو مێژووەوە لە کۆشکی توب قابی پارێزرا لە نێوان دەستکەوتە پیرۆزەکاندا.

پاش ئەوەی کۆشکەکە بوو بە مۆزەخانە و لەبەردەم خەڵکدا کرایەوە، ئەم موصحەفە دەستنووسە بوو بە گرنگترین ئەو شتانەی هەزاران میوان دەیانبینی وەك یەکێك لە زێرە ناوازەکان.

هەروەها کارگەریی لای موسڵمانان بەجێدەهێشت بەتایبەت ئەوانەی گرنگیی بە شوێنەواری ئیسلامیی دەدەن و لێکۆڵەرو توێژەرن لەو بوارەدا.

ئەم موصحەفە ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوەکراوەو لەسەر ئەرکی شێخ سوڵتان بن محەمەد قاسمی حاکمی شارقە و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا لە وڵاتی ئیمارات چاپکراوە, هەروەها دکتۆر (طيار التی قولاج) شارەزای بەناوبانگ لە بواری زانستەکانی قورئان لە تورکیا و سەرۆکی پێشووی دەستەی کاروباری ئاینی، هەڵسا بە ساغکردنەوەی زانستیی ئەم موصحەفەو ئەرکی ئامادەکردنی بۆ بڵاوکردنەوە گرتە ئەستۆ

دەقەکانی ئەم موصحەفە (٨٢٠) لاپەڕەیە بە قەبارەیەکی گەورە بە دەسپێکی سورەتی (الفاتحە) تا کۆتایی هاتنی بە سورەتی (الناس).

هەروەها(مرکز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية بإسطانبول (إرسيكا) هەڵسا بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی ئەم موصحەفەی بۆ خەلیفەی راشدین عوسمانی کوڕی عەفان دەگەڕێتەوە.




بەرگی موصحەفی عوسمانی کوڕی عەففان (بڵاوکراوەی ناوەندی ارسکا)

## دەستنووسەکانی موصحەفی عوسمانی کوڕی عەفان (قاهیرە)

موصحەفی سێهەم خەلیفەی راشدین پێشەوای موسڵمانان عوسمانی کوڕی عەفان (خوا لێی ڕازی بێت) ئەم موصحەفە یەکێکە لەو موصحەفانەی بە فەرمانی عوسمانی کوڕی عەفان لەبەرگیرابووەوەو چواریانی لێناردبوو بۆ میسر و دووانیان لە مەدینەدا مانەوە. ئەم موصحەفە لە گەنجینەی کتێبەکانی قوتابخانەی (الفاضلية)دا پارێزرابوو، ئەم قوتابخانەیە دادوەر (عبدالرحيم البيساني العسقلاني) لە سەردەمی ئەیوبیی دروستیکردبوو، پاشان سوڵتان (الملك الأشراف أبو النصر قنصوه الغوري) کۆتا سوڵتانی دەوڵەتی مەملوکیە، گوێزایەوە بۆئەو قوبەیەی، کەبەرامبەر قوتابخانەکە دروستی کردبوو لە نزیك (الأقباعيين) لە ناو (باب زويلة) دا، هەروەها شوێنەوارەکانی پێغەمبەریشی (صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەویٚ گوێزایەوە.هەروەها بەرگێکی تایبەتی بۆ کرد، ئەوەی لەسەر نەخشکرد، کە لە دوای نووسینی موصحەفی عوسمانی بە هەشت سەدو حەفتاو چوار ساڵ کراوە، واتە لەساڵی ٩٠٩ی کۆچیدا، بەم شێوەیە بۆ ماوەی سێ سەدە بەپارێزراویی مایەوە.

لەساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا موصحەفەکە و بەرگەکە و شوێنەوارە پێغەمبەرییەکان دوای گوێزانەوەیان بۆ ئیمام حسێن (ڕەزای خوای لێبێت)، لە ساڵی ١٤٢٧ی کۆچیدا کتێبخانەی ناوەندیی دەستنووسە ئیسلامییەکان هەڵسا بە گوێزانەوەی بۆ کتێبخانەکە، لەوێدا بۆیەکەم جار وێنەی پەڕەکانی لەسەر سی دی گیرانەوە.



وێنـەی موصحەفی عوسمـانی کوڕی عـەففان، کـە خراوەتـە سـندوقێکی شوشـەیی لـە مزگەوتی الحسین لە قاهیرە.

## بەراود لەگەڵ دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆزدا

سەرچاوەو ئەدەبیاتی ئینجیل و تەورات لەسەرئەوەکۆکن، کە وێنە ڕەسەنەکەی دەستووسی کتێبی پیرۆز لەدەستچووە و نەماوە، بۆنموونە ئەم دەقە بخوێننەوە((ئێستا دەستنووسە ڕەسەنەکانمان لەلا نییە، واتە ئەو نوسخانەی ئێستا بە دەستوخەتی نووسەرێکی هەر بەشیك لە بەشەکانی کتێبی پیرۆزی سەردەمی کۆن یان نوێن، ئەم دەستنووسانە، ڕەنگە بەهۆی زۆر بەکارهێنانیانەوە لەکەڵککەوتبن، یان هەندێکیان تووشی شاردنەوە بوون لە سەردەمەکانی چەوساندنەوەدا، بەتایبەتی، کە بەشێکیان لەسەر پەڕەی (البردی) نووسرابوون، کە زوو لەناودەچێت) (سەرچاوە: مخطوطات الكتاب المقدس بلغاته الأصلية تأليف الشماس الدكتور ماهر إيميل إسحاق).

## تەحریفکردنی دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆز

لە سەدان ساڵەوە دەستنووسەکانی کتێبی پیرۆز تووشی تەحریفکردن هاتوون و دەستنووسە ڕەسەنەکان نین، چونکە دەستنووسە ڕەسەنەکان وەك پێشتر باسمانکرد نەماون، لەو دەستنووسە گرنکانە ( دەستنووسەکانی فاتیکان، ئەوانەی بە مجەلەدەکانی فاتیکان ناسراون) و دەستنووسەکانی (نجع حمادي) و دەستنووسەکانی (سیناء).

ئەمەش بەوێنەوە گرنگترین، ئەو تەحریفکردنانەیە، کە دەرکەوتوون و ڕوونن لەبەرچاو:




وێنەیەکی لاپەڕە ١٥١٢ لە موجەلەدی ڤاتیکانی، کەلە مۆزەخانەی ڤاتیکان پارێزراوە، لای چەپ تەعلیقێك بۆ عیبرانییەکان نووسراوە و دەڵێت (ئەی بێئەقڵ، ئەی فێڵباز ئایا ناتوانیت خوێندنەوە کۆنەکە وەك ڕەسەنەکەی خۆی بهێڵیتەوەو تەحریفی نەکەیت)



وێنەی دەستکاریی کردنی دەستنووسە ڤاتیکانیەکە، دەبینین، کەسێك دەستکاریی کردوەو ئەوەی ویستوویەتی لە دەقەکانی کوژاندوویەتیەوەو دەقێکی تری بۆ زیادکردووە.



ئەمەش دەستکاریی کردنێکی تری ئینجیلی لۆقایە ١٠:٣٩ ئەم دەستکاریی کردنە لە پەڕەی ١٣٢٥ دا یە لە دەستنووسە ڤاتیکانییەکەدا

## پوختە :

قورئانی پیرۆز تاکە کتێبی پارێزراوە، کە خوای گەورە بەڵێنی پاراستنی داوەو یەکێك لە دیاردەکانی پاراستنی دەستنووسەکانی، کە تائێستا بە ساغیی ماونەتەوە و بەتەواویی لەگەڵ ئەو قورئانەی ئێستا لەبەردەستماندایە، بە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دادەنرێن، دەربارەی تەحریفنەکردنی قورئان، بە پێچەوانەی کتێبی پیرۆزەوە، کە بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی لەکیسچوون وهیچ بەڵگەنامەیەك لەسەری نەماوە، بەمشێوەیە قورئانی پیرۆز تاکە کتێبی پیرۆزە، کە وەك خۆی ماوەتەوەو بێ تەحریفکردن، وەك ئەوەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەر موحەمەدی (صلی الله علیه وسلم) ناردووە و هەر ئەو قورئانەش خاوەن هەقی پێڕەوکردنە.




ئەم کتێبە تایبەتە بەباسکردنی تەحریفکردن لە کتێبی پیرۆزدا بۆ دەستکەوتنی دەتوانن سەردانی ئەم پێگەیە بکەن www.55a.net

سەرچاوە: ماڵپەڕی (www.55a.net) بەپێنووسی: فراس نور الحق

# موعجیزاتی ئەحمەدی

## جوانترین درووود و سلاو لەسەر خاوەنەکەیان بێت

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ﴾


**نووسینی : م. سەعیدی نوورسی**

**وەرگێڕانی: فاروق رەسوڵ یەحیا**


﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللهِ شَهِيداً ۞ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّآءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ تَراهُمْ رُكَّعاً سُجَّداً يَبْتَغُونَ فَضْلاً مِنَ اللهِ وَرِضْواناً سِيماهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ ذَلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الإِنْجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْئَهُ فَآزَرَهُ فَاسْتَغْلَظَ فَاسْتَوَى عَلَى سُوقِهِ يُعْجِبُ الزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ الْكُفَّارَ وَعَدَ اللهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ (الفتح: ٢٨-٢٩).

(لەبەر ئەوەی لە وتەی "نۆزدەهەم" و "سی و یەکەم"دا پێغەمبەرێتیی پێغەمبەرمان ﷺ بە چەندین بەڵگەی توندوتۆڵ و بەهێز چەسپاند، ئەوا با خوێنەری بەڕێز لە کێشەی چەسپاندنی پێغەمبەرێتی‌یەکەیدا سەیری ئەو دوو وتەیە بکات. بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی تەواوکردنی ئەوانەی لەوێدا باس کراون، چەند بریسکەیەك لەو ڕاستی‌یە گەورەیە ڕوون دەکەینەوە، لە نێوان "نۆزدە" ئاماژەی ڕەوان و پڕ لە واتادا).

### ئاماژەی ڕەوانی سێهەم

موعجیزاتی پێغەمبەر ﷺ گەلێ زۆر و جۆراوجۆرن. چونکە لەبەر ئەوەی پێغەمبەرێتی‌یەکەی گشتی‌یە و هەموو بوونەوەران دەگرێتەوە، ئەوا لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی بوونەوەردا موعجیزەی هەیە.

با ئەمە بە نموونە ڕوون بکەینەوە:

ئەگەر نوێنەرێکی بەڕێز لە لایەن پادشایەکی گەورەوە بۆ شارێك بچێت، کە چەندین کۆمەڵی جۆراوجۆری تێدا بێت و، چەند دیاری‌یەکی بەنرخی جیاجیای بۆ هەموو ئەو کۆمەڵانە هێنابێت، ئەوا هەموو چین و کۆمەڵێك لە کۆمەڵانی شار نوێنەرێك بە ناوی خۆیانەوە دەنێرن بۆ بەخێرهاتن و پێشوازی‌کردن لەو نوێنەرەی پادشا.

هەر بەو جۆرەش کە جیهان بە هاتنی نوێنەری پادشای ئەزەل و ئەبەد، کە پێغەمبەری سەروەرە ﷺ، شاد و بەهرەمەند بوو و، ئەم پێغەمبەرە ﷺ لە لایەن خواوەندی پەروەردگاری هەموو جیهانەکانەوە بۆ لای سەرجەم خەڵکی سەر ڕووی زەوی ڕەوانە کرا و، چەندین دیاریی مەعنەوی و ڕاستیی ڕوونی ئەوتۆشی لەگەڵ خۆدا هێنا کە پەیوەندی‌یان بە هەموو بوونەوەرانەوە هەیە.. لەم کاتەدا، لە لایەنی هەموو دەستە و تاقمێك لەم جۆرانەی بوونەوەرەوە – هەر یەکەیان بە زمانی تایبەتیی خۆی – نوێنەریان بۆ پێشوازی لێکردن و بەخێرهاتنی ئەم پێغەمبەرە ﷺ هات و، هەر یەکەشیان موعجیزەی دەستە و تاقمی خۆیان لە بەردەم پێغەمبەردا ﷺ پێشکەش کرد. بەمەش تەسدیق کردن و بەخێرهاتنی پێغەمبەریان ﷺ دەربڕی. ئەوەبوو هەر لە بەرد و دار و ئاو و مرۆڤەوە، تا دەگاتە مانگ و خۆر و ئەستێرەکان، هەموو ئەم کارەیان ئەنجام دا. وەك‌بڵێی هەر یەکەیان بە زمانی‌حاڵی خۆی دەڵێت: "یاخوا بەخێربێیت"!

لە ڕاستیدا باسکردنی ئەو موعجیزانە پێویستی بە نووسینی چەندین بەرگ کتێب هەیە، چونکە گەلێ زۆر و جۆراوجۆرن. ئەوەتا زانا پاك و خواناسەکان چەندین بەرگی گەورەیان سەبارەت بە بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی و موعجیزاتی پێغەمبەرەوە ﷺ بە درێژی نووسیوە.

بەڵام ئێمە لێرەدا، لەناو جۆرە هەمەکی‌یەکانی ئەو موعجیزانەی پێغەمبەردا ﷺ بە چەند پوختە ئاماژەیەك وازدەهێنین و، ئاماژە بۆ ئەو موعجیزانە دەکەین کە بە تەواوی و قەطعی چەسپاون و موتەواتیری مەعنەوین.

**بەڵگەکانی پێغەمبەرێتیی پێغەمبەر ﷺ دوو بەشن:**

**(یەکەم):** ئەو حاڵەتانەی کە بە "ئیرهاص" ناونراون و بریتین لەو ڕووداوە دەراسایانەی لە پێش پێغەمبەرێتیدا ڕوویان داوە و پەیوەندی‌یان بە پێغەمبەرێتی‌یەکەیەوە هەیە. هەروەها ئەو حاڵەتانەش کە ڕووداوی لە عادەت بەدەرن و لە کاتی لەدایکبوونیدا ڕوویان داوە.

**(دووهەم):** بەڵگەکانی تری پێغەمبەرێتی ئەو، ئەمانەش دوو بەشن:

**یەکێکیان:** ئەو ڕووداوە لە عادەت بەدەرانەیە کە پاش لەدایکبوونی

و بۆ تەسدیقی پێغەمبەرێتیی ئەو ڕوویان داوە.

**دووهەمیان:** ئەو ڕووداوە لە عادەت بەدەرانەی کە لە سەردەمی ژیانی پیرۆزیدا دەرکەوتوون. ئەمانەش دەکرێن بە دوو بەشەوە:

**یەکەم:** بەڵگەکانی پێغەمبەرێتیی ئەو، کە لە خودی پێغەمبەردا ﷺ و لە ژیان و شێوە و ڕەوشت و کەماڵی عەقڵیدا دەرکەوتوون.

**دووهەم:** ئەو بەڵگانەی کە لە دەرەوەی زاتی پیرۆزیدا ﷺ واتە: لە دەوروبەر و گەردووندا دەرکەوتوون. ئەمانەش دیسان دوو بەشن:

**بەشی یەکەم:** مەعنەوی و قورئانییە.

**بەشی دووهەم:** ماددی و گەردوونییە. ئەمەش دەبێت بە دوو بەش:

**بەشی یەکەم:** ئەو موعجیزانەی کە لە سەردەمی بانگەوازی پێغەمبەرێتیدا دەرکەوتوون. ئەمانەش یان لەبەر شکاندنی فیز و دەمار و سەرسەختیی کافران بووە، یان بۆ بەهێزکردنی ئیمانی ئیمانداران. وەك: لەت بوونی مانگ و.. هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانی و.. تێربوونی خەڵکێکی زۆر – بە بەرەکەتی ئەو – لە خۆراکێکی کەم و.. قسەکردنی ئاژەڵ و بەرد و دار لە خزمەتیدا و.. چەندین موعجیزەی هاوچەشنی تری وەك ئەمانە لەو موعجیزانەی کە دەگەنە بیست جۆر و، هەر جۆرەشیان لە پلەی تەواتوری مەعنەویدایە و، لە هەر یەکەشیان چەند نموونەیەك دووپات بوونەتەوە.

**بەشی دووهەم:** ئەو ڕووداوانەن کە خواوەند پێغەمبەری ﷺ لە بارەیانەوە ئاگادار کردووەتەوە و، لە پێش ڕوودانیان پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ڕوودانیانی داوە و، پاشانیش چۆنی فەرمووە هەر بەو جۆرە هاتوونەتە دی.

وا ئێمەش ئێستا دەست بەم بەشەی دوایی دەکەین، بۆ ئەوەی بگەینە پێڕستێکی گشتیی یەك لە دوای یەك[١].

## ئاماژەی ڕەوانی چوارەم

ئەو هەواڵە غەیبییانەی کە خوای ئاگاداری غەیب پێغەمبەری ﷺ لە بارەیانەوە ئاگادار کردووەتەوە و ئەویش ڕایگەیاندوون، هێندە زۆرن کە لە ژمارە نایەن. لە وتەی بیست و پێنجەمدا – کە تایبەتە بە "ئیعجازی قورئان"ەوە – ئاماژەمان بۆ جۆرەکانی کردووە و بەڵگەکانیشیمان هەر لەوێ هێناوەتەوە. لەبەر ئەوە، هەرچی هەواڵدانی شتی پەنهان هەن و پەیوەندییان بە خوایەتیی خوا و گەردوون و قیامەت و سەردەمە ڕابوردووەکان و پێغەمبەرە پێشووەکانەوە – درووDیان لەسەر بێت – هەیە، هەموویان لەوێ باس کراون و، هەر کەسێك دەیەوێت لەم بارەیەوە ئاگادار و شارەزا بێت، با سەیری ئەو وتەیە بکات.

بەڵام لێرەدا چەند نموونەیەك لەو هەواڵدانە غەیبییە ڕاستانە دەهێنینەوە، کە پێش ڕوودانیان، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی لە بارەیانەوە داوە، لەوانەی کە دوای خۆی و لە ڕۆژانی داهاتوودا دێنە ڕێی ئالی بەیت و هاوەڵان و نەتەوەکەی.

جا بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لەم ڕاستییە، وا لە پێشدا – وەك پێشەکییەك – شەش بنچینە باس دەکەین:

### بنچینەی یەکەم

دەگونجێ هەموو حاڵەتێکی پێغەمبەر ﷺ بکرێت بە بەڵگەی ڕاستیی پێغەمبەر و شایەت لەسەر پێغەمبەرێتییەکەی. بەڵام ئەم قسەیە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی ڕەفتار و حاڵەتی پێغەمبەر ﷺ هەیە هەموویان لە عادەت بەدەر بن. چونکە خوای گەورە کە پێغەمبەری ﷺ ناردووە، وەك "مرۆڤێکی پێغەمبەر" ناردوویەتی. بۆ ئەوەی بە کردار و ڕەفتارەکانی ببێت بە ڕابەر و پێشەنگی سەرجەمی مرۆڤایەتی لە گشت ڕەفتار و جموجوولێکیاندا، تاکو بەم پێشەوایەتییەی خۆی، بەختەوەریی هەردوو دنیایان بۆ بهێنێتەدی و، لایەنە نائاسایی و لە عادەت بەدەرەکانی سنعەتی پەروەردگار و کاروباری توانستی خواوەندیشیان لە شتە ئاساییەکاندا پیشان بدات، ئەو شتە ئاساییانەی کە هەریەکەیان موعجیزەیەکە بۆ خۆی.

خۆ ئەگەر هەموو ڕەفتار و کردارێکی پێغەمبەر ﷺ لە عادەت بەدەر و لە سەرووی توانای مرۆڤەوە بووایە، ئەوا بۆی نەدەگونجا کە ببێت بە پێشەنگ و پێشڕەوێکی ئەوتۆ کە شوێن پێی هەڵبگیرێت و، هەڵسوکەوت و حاڵەت و کردار و ڕەفتارەکانی چاویان لێ بکرێت.. لەبەر ئەمە، پێغەمبەر ﷺ جاربەجار و بەپێی پێویست و بۆ مەبەستی چەسپاندنی پێغەمبەرێتییەکەی نەبوایە لە بەردەم کافرە سەرسەختەکاندا، پەنای بۆ پیشاندانی موعجیزات نەدەبرد.

جا لەبەر ئەوەی یەکێك لە داخوازییەکانی ئەو تەکلیفەی کە خواوەند لە بەندەکانی دەکات، بریتییە لەوەی کە مرۆڤ ڕووبەڕووی تاقیکردنەوە(الإبتلاو) ببێتەوە و، خاوەنی ویست و ئیختیار بێت لە کردەوەکانیدا، ئەوا خواوەند موعجیزەی بەسەر مرۆڤدا زاڵ نەکردووە، بۆ ئەوەی تەسدیق و باوەڕ بە زۆر لە مرۆڤدا دروست نەبێت. چونکە نهێنیی تاقیکردنەوە و حیکمەتی تەکلیف داخوازی ئەوەن کە دەرگای ویست و ئیختیار لە بەردەم ژیریدا بخرێتە سەرپشت و ئەم ئیختیار و ویستەی لێ دانەماڵرێت. خۆ ئەگەر موعجیزە بە چەشنێکی زۆر بەدیهی دەربکەوتایە، ئەوا هیچ ئیختیار و ویستێك لە بەردەم ژیریدا نەدەمایەوە و، ئەو کاتە ئەبووجەهلیش وەکو ئەبووبەکر – خوای لێ ڕازی بێت – تەسدیقی دەکرد و، ئنجا هیچ سوودێك لە تەکلیف و هیچ ئامانجێکیش لە تاقیکردنەوەی مرۆڤدا نەدەما و، خەڵووزی بێ بایەخ و ئەڵماسی بەنرخ وەکو یەکیان لێ دەهات.

بەڵام ئەو شتەی مرۆڤ دەخاتە سەرسووڕمانەوە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا هەزاران کەس، لەوانەی کە ڕەگەزی هەریەکەیان لەوانی تر

---

(١) بەڵام بە داخەوە نەمتوانی بەو جۆرەی مەبەستم بوو بیاننووسم، بەڵکو بە بێ ویستی خۆم چۆنم بە دڵدا هات هەروەهاش نووسیمن، بێ ئەوەی بتوانم چاودێریی ئەم دابەشکردنە بکەم. (دانەر)

جیایە، تەنها بە ڕێنماییەکی پێغەمبەر ﷺ، یان بە فەرموودەیەکی ئەو، یان تەنها بە تەماشاکردنێکی دیداری پیرۆز و جوانی، یان بە شتێکی تری هاوچەشنی ئەمانە، ئیمانیان پێ هێناوە.. هەروەها لە کاتێکدا کە هەزاران زانای وردەکار و ڕۆشنبیری لێکۆڵەر، بەهۆی ئەو هەواڵە ڕاست و موتەواتیرانەی کە لە بارەی ڕاستیی پێغەمبەر ﷺ و ڕەفتارە جوانەکانیەوە پێیان گەیشتووە، هەموو ئیمانیان پێ هێناوە..

لە کاتێکدا کە هەموو ئەوانە ئیمانیان هێناوە، ئایا جێی سەرسووڕمان نییە کە بەدبەختانی سەردەمی خۆمان ئەم هەموو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە دەبینن، کەچی وەك بڵێی هێشتا پێیان کەم بێت و هانیان نەدات بۆ ئیمان پێ هێنان و تەسدیق کردنی، ئەوەتا دەبینیت بەرەو هەڵدێری گومڕایی هەڵدەخلیسکێن و ئیمان ناهێنن..

بەڵێ، ئایا ئەمە جێی سەرسووڕمان نییە؟!

### بنچینەی دووهەم

پێغەمبەر ﷺ "مرۆڤ"ە، کەواتە لە ڕوانگەی مرۆڤێتییەکەیەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات.. لە هەمان کاتیشدا "پێغەمبەر"ێکی ئەمینە و، لە لایەن خوای گەورەوە ڕەوانە کراوە و، بە ناوی خواوە دەدوێت و ڕاگەیەنەرێکی ڕاستگۆی فەرمانەکانی خواوەندە. کەواتە پێغەمبەرێتییەکەی پشت بە ڕاستیی سرووش(الوحی) دەبەستێت.

"سرووش"یش دوو بەشە:

*یەکەم:* سرووشی ڕاشکاو(الوحي الصریح). وەك قورئانی پیرۆز و چەند "حەدیث"ێکی قودسی. پێغەمبەر ﷺ لەم جۆرە سرووشەدا هەر تەنها ڕاگەیەنەرە، بێ ئەوەی هیچ دەستکارییەکی تێدا بکات.

*دووەم:* سرووشی ناوەکی(الوحي الضمني). پوختە و کورتەی ئەم بەشەیان پشت بە ئیلهام و سرووش دەبەستێت، بەڵام درێژەپێدان و ڕوونکردنەوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ. واتە ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە سرووشە لە لایەن پێغەمبەرەوەیە ﷺ. هەندێ جار لەم ڕوونکردنەوەیەدا پشت بە ئیلهام و سرووش دەبەستێت و، هەندێ جاری تریش بە فیراسەتی تایبەتیی خۆی. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوانەش کە پێغەمبەر ﷺ بە ئیجتیهادی تایبەتیی خۆی دەیانکات، یان ئەوەیە بەو هێز و توانا قودسییەی کە لە پێغەمبەرێتییەکەیدان دەیانکات، یان وەکو مرۆڤێك و بەپێی ئەو ئاستەی کە عورف و داب و نەریت و بیری خەڵکیی تێدایە، ڕوونیان دەکاتەوە.

کەواتە نابێت لە ڕوانگەی سرووشی ڕووتەوە سەیری گشت لایەنەکانی هەموو فەرموودەیەك بکرێت و، لەو مامەڵە و بیرکردنەوەیەدا کە لەسەر خواستی "مرۆڤێتی"یەکەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ بینراوە و وەرگیراوە نابێ بۆ ئاسەواری "پێغەمبەرێتی"یەکەی بگەڕێین.

جا لەبەر ئەوەی هەندێ ڕووداو هەن کە "سرووش" بە شێوەیەکی پوخت و ڕەها لە بارەیانەوە دەدوێت و، پاشان پێغەمبەر ﷺ بە فیراسەتی تایبەتیی خۆی، یان بە گوێرەی ڕوانینی عورفی گشتی[٢]، ڕوونیان دەکاتەوە، ئەوا هەندێ جار پێویست بە لێکدانەوەی ئەم جۆرە کێشە و موتەشابیهانە دەکات کە لەو ڕوونکردنەوەیەدا هەن. چونکە هەندێ "ڕاستی" هەن بە لێکدانەوە و نموونەهێنانەوە نەبێت ناتوانرێت خەڵکیان لێ تێبگەیەنرێت.

نموونەی ئەمەش وەك ئەوەی کە جارێکیان ئەوانەی لە دەورووبەری پێغەمبەردا ﷺ دانیشتبوون، گوێیان لە زرمە و دەنگێکی بڵند و گەورە بوو. پێغەمبەر ﷺ ڕووداوەکەی بۆ ڕوون کردنەوە و فەرمووی:

(ئەوە دەنگی بەردێکە حەفتا ساڵە بەر دەبێتەوە، وا ئێستا گەیشتە بنکی دۆزەخ)!

هێشتا سەعاتێك بە سەر ئەمەدا تێنەپەڕیبوو، یەکێك هاتە کۆڕەکە و وتی:

(فڵانە مونافیقی بەناوبانگ، کە تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ، مرد و بەرەو دۆزەخ کەوتە ڕێ)!

ئەمەش لێکدانەوەی ئەو تەشبیهە پڕ لە بەلاغەت و جوانەی پێغەمبەر بوو ﷺ کە زووتر لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکەدا باسی کردبوو.

### بنچینەی سێهەم

ئەو فەرموودە و ڕووداوانەی کە دەماودەم گێڕراونەتەوە، ئەگەر "موتەواتیر"[٣] بوون، ئەوا بە "قەتعی"(بێگومانی) چەسپاون و دڵنیایی دەبەخشن.

"موتەواتیر"یش دوو بەشە:

یەکەم: تەواتوری صەریح (ڕاشکاو)، کە پێشی دەوترێت: تەواتوری لەفزی.

دووهەم: تەواتوری مەعنەوی. ئەمەش دوو بەشە:

بەشی یەکەم پێی دەوترێت: "سکووتی". واتە دەربڕینی ڕەزامەندی بە بێ قسەکردن لە ئاستیدا. نموونەی ئەمە زۆرە، وەك ئەوەی کە ئەگەر یەکێك لەناو دەستە و کۆمەڵەکەی خۆیدا ڕووداوێکی گێڕایەوە کە لە بەرچاوی ئەواندا ڕووی دابوو، هیچ کەسێکیش لەو کۆمەڵە بە درۆی نەخستەوە و هەموویان لە ئاستیدا بێ دەنگ بوون، ئەوا ئەم بێ دەنگ بوونەیان ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانیش تەسدیقی دەکەن و ئەو ڕووداوە لە ڕاستیدا بووە و ڕووی داوە. بە تایبەتی ئەگەر ئەو ڕووداوە پەیوەندیی بەو کەسانەوە

---

[٢] وەك لە ڕێکخستنی سوپا و کاروباری جەنگ و بازرگانی و کشتوکاڵ و.. هتد.

[٣] "موتەواتیر": بەو ڕیوایەتە دەڵێن کە کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمەڵێکی زۆری ترەوە دەماودەم هێنابێتیان و بەو جۆرە لە هاوەڵانەوە تا گەیشتبێتە سەردەمی تابیعی تابیعین (کە تەدوینی سوننەتی تێدا کراوە) و، هەر یەك لەو کۆمەڵانەش لەوانە بن کە هەرگیز نەگونجێ لەسەر درۆکردن و هەواڵی دەمهەڵبەست یەکیان گرتبێت. زانایانی زانستی "أصول الفقه" خەبەری موتەواتیر بە "قطعي الورود" لە قەڵەم دەدەن. واتە: هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕراوەتەوە.

ببێت و ئەوانیش ئامادەی ئەوە بن کە ئەگەر ڕووداوەکە بە درۆ یان بە هەڵە بگێڕڕێتەوە ڕەخنەی لێ بگرن و بەرپەرچی بدەنەوە و هەرگیز بە هەڵە ڕازی نەبن، تەنانەت "درۆ" بە لایانەوە شتێکی زۆر ناشیرین و ناڕەوا بێت.. جا ئەگەر لەم چەشنە کاتەدا ئەوان بێ دەنگ بن، ئەوا ئەم بێ دەنگ بوونەیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ڕووداوە بە بێ گومانی ڕووی داوە.

بەشی دووهەمی تەواتوری مەعنەوی: بریتی‌یە لەوەی کە ئەو کەسانەی ڕووداوێك دەگێڕنەوە، لە ئەندازەیەکی هاوبەشی ئەو ڕووداوەدا یەکیانگرتبێت، هەرچەندەش دانە دانەی ڕیوایەتەکانیان جۆراوجۆر بن.

نموونەی ئەمە وەك ئەوەی کە ئەگەر بوترێت: یەك "هۆقە"[٤] خواردەمەنی، دووسەد کەسی تێرکردووە. ئەو کەسانەی کە ئەمە دەگێڕنەوە، بە چەند شێوە و دەستەواژەیەکی جیاجیا باسی دەکەن. دەبینیت هەندێکیان سەد کەس باس دەکات و هەندێ دووسەد و هەندێ سێ سەد و، هەندێکی تر دوو "ئۆقیە" خواردەمەنی باس دەکات.. هەروەها بەم جۆرە.

دەبینیت هەموویان لە ئەندازەیەکی هاوبەشی ڕووداوەکەدا یەکیان گرتووە، کە بریتی‌یە لە: "تێربوونی خەڵکێکی زۆر بە خۆراکێکی کەم". کەواتە ڕووداوەکە بە شێوەیەکی ڕەها ڕووی داوە و موتەواتیری مەعنەوی‌یە و دڵنیایی دەبەخشێت، ئیتر جۆراوجۆریی شێوەکانی لە ڕیوایەتە جیاجیاکاندا هیچ زیانێك بەو دڵنیاییە ناگەیەنێت.

"خەبەری ئاحاد"یش[٥] کاتی وا هەیە لە ناوەندی چەند مەرجێکی تایبەتیدا وەکو موتەواتیر "قەتعی‌یەت"(واتە: بێگومانی) دەبەخشێت. بەڵکو هەندێ جار بە بۆنەی چەند نیشانە و بەڵگەیەکی دەرەکی‌یەوە ئەم قەتعی‌یەتە دەگەیەنێت.

ئیتر بەم جۆرە، بەشی هەرە زۆری بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی و موعجیزاتی پێغەمبەر ﷺ لە ڕێی تەواتوری صەریح، یان مەعنەوی، یان سکووتی‌یەوە (کە جۆرێکی تەواتوری مەعنەوی‌یە) بە دەستمان گەیشتوون. بەشێکی تریشیان لە ڕێگای "خەبەری ئاحاد"ەوە گەیشتووەتە دەستمان کە پێشەوایانی زانستی "جەرح و تەعدیل" لە نێوان چەند مەرجێکی تایبەتیدا وەریانگرتووە و پێی ڕازی بوون و، بەم بۆنەیەوە بووە بە "قەتعی" و وەك دەلالەتی فەرموودەی موتەواتیری لێ هاتووە.

جا ئەگەر چەندین زانای لێکۆڵەری "زانستی فەرموودە" وەك خاوەنانی "صیحاحی سیتتە"[٦] و لە پێشەکیانەوە هەڵکەوتووانی وەك ئیمامی بوخاری و موسلیم کە هەریەکەیان – بە لای کەمەوە – سەد هەزار فەرموودەی لەبەر بووە، هەروەها هەزاران پێشەوا و زانای خواناس، لەوانەی کە نزیکەی پەنجا ساڵ نوێژی بەیانی‌یان بە دەستنوێژی عیشاوە ئەدا کردووە..

ئەگەر ئەمانە و زانایانی تری هاوچەشنیان "خەبەری ئاحاد"یان بەلاوە صەحیح بێت، ئەوا هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێتەوە کە خەبەری ئاحاد قەتعی‌یە و، لەم ڕووەوە حوکمی لە هی "موتەواتیر" کەمتر نی‌یە. بەڵێ، زانایانی "زانستی فەرموودە" و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە، بە ڕادەیەکی وا کارامەیی و پسپۆڕی‌یان لەم هونەرەدا پەیدا کرد، کە لە ئەنجامدا توانی‌یان وتەی پێغەمبەر ﷺ و ڕەوانبێژیی گوزارشت و شێوەی ڕوونکردنەوەکانی، لە وتەی غەیری ئەو جیا بکەنەوە، بە چەشنێ کە ئەگەر یەك وتەی "هەڵبەستراو"(موضوع) لە نێوان سەد فەرموودەدا ببینن، یەکسەر جیای دەکەنەوە و دەیگێڕنە دواوە و دەڵێن: (ئەمە هەڵبەستراوە) و هەرگیز ناکرێت فەرموودەی پێغەمبەر بێت ﷺ. بەم جۆرە ئەو زانایانە وەك "صەڕڕاف"ی شارەزا و کارامەیان لێ هات و، فەرموودەی ڕاستەقینەی پێغەمبەریان ﷺ لەو خڵتانە پاك و جیا کردەوە کە تێکەڵی بووبوون.

بەڵام هەندێ لە زانا لێکۆڵەرەکانی چەشنی "ابن الجوزي" هێندە توندوتیژی‌یان لە ڕەخنەسازیی فەرموودەکاندا نواند کە هەندێ فەرموودەی "صەحیح"یان بە "هەڵبەستراو" لە قەڵەم دا!

دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەگەر بە هەر وتەیەك وترا: "مەوضووع" ئەوە ناگەیەنێت کە واتاکەی هەڵە و خراپە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە وتەی پێغەمبەر ﷺ نی‌یە!

**پرسیار:** ئایا چ سوودێك لە باسکردنی "سەنەد"ی[٧] دوور و درێژی وەك: "عن فلان.. عن فلان"دا هەیە و، چ کەڵکێك لە ناوبردنیاندا دەست دەکەوێت؟

**وەڵام:** سوودی زۆری تێدایە. چونکە باسکردنی ئەم سەنەدە درێژە جۆرە یەکدەنگی‌یەکی تایبەتی دەردەخات لە نێوان ئەو زانایانەی لە سەنەدەکەدا ناویان هاتووە، کە تابڵێی ڕاستگۆ و جێی باوەڕ و متمانەن. کەواتە باسکردنی ئەو ناوانە لە سەنەدەکەدا، بە یەك گەیشتن و پشتگیری کردنی یەکتریی زانا لێکۆڵەرەکان لەو فەرموودەیەدا دەگەیەنێت و، وەکو ئەوە وایە کە هەر زانا و ئیمامێك ناوی لە سەنەدەکەدا هەیە، مۆری خۆی لەو فەرموودەیە دابێت و، ئیمزای "صەحیح" بوونی کردبێت.

به پشتیوانی خوا درێژەی ئەم بابەتە لە ژمارەکانی داهاتووی (هەیڤ)دا بخوێنەرەوە

---

[٤] یەك هۆقەی ئەوێ دەکاتە (١٢٨٢گرام). بڕوانە فەرهەنگی تورکیی: (Yeni Lügat). (وەرگێڕ)

[٥] "خەبەری ئاحاد" بەو ڕیوایەتە دەڵێن کە ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارەی تەواتور گێڕابێتیانەوە.

[٦] خاوەنانی ئەو کتێبانە ئەم شەش پێشەوایەن: "ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەبووداوود و تیرمیذی و نەسسائی و ئیبن ماجە". چوار کتێبەکەی ئەم چوار پێشەوایەی دوایی پێیان دەوترێ: (السنن). جگە لەمانیش چەندین زانای تری فەرموودە هەن، وەك: ئیمامی مالیك و ئیمامی ئەحمەد و دارەمی و بەیهەقی و تەبەرانی و حاکم.. هتد

[٧] "سەنەد": لە زانستی حەدیثدا بە ناوی ئەو زنجیرە زانایانە دەوترێت کە یەك لە دوای یەك هەر لەو هاوەڵەوە کە لە زاری پێغەمبەری ﷺ بیستووە تا دەگاتە کۆتایی زنجیرەکە، فەرموودەکەیان دەماودەم هێناوە.

# کەفی دەریا



و: کاوە محەمەد شارباژێڕی

بۆ کەسێك، کە یەکەمجار دەیبینێت ئەم دیاردەیە جوان و لەهەمان کاتدا نامۆیە، کەفی دەریا بە درێژیی دەیان کیلۆمەتر لەسەر دەریاکە بڵاو دەبێتەوە, با سەرنجی ئەم وێنەیە بدەین....

